


**کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە**

**April : 2013** یەکبوون ژمارە : ٣٧ بانەمەڕی ٢٧١٣







## لەم ژمارەیەدا:


* تەنیا ڕێگای سەرکەوتنی کوردان، گەیشتن بە ستاتوویەکی پایەدارە.......کاوە ڕۆژهەڵات............ لاپەرەی .............. ٢
* یەکێک لە ڕەهەندەکانی جینۆسایدی کورد لە عێراق.................ئیبراهیم مەلازادە..................... لاپەرەی........... ٤
* سێکیولاریزمی تورکیی لە بەرامبەری دیمۆکراسی کێم دێنێ............کرمانج گوندی............ ..... لاپەرەی ................٦
* کوشتنی ئافرەت بە پاساوی گەڕانەوەی شەرەف...........ڤیان سلێمان ............. لاپەرەی .......... ٧
* بۆچی ئەردۆغان ئاشتی لە گەڵ پەکەکەی دەوێ؟.........سێڤان لاریبی لە ئینگلیزییەوە کەریم محەممەدی .......... لاپەرەی ..............٨
* کورتە باسێک لەسەر ڕەمزی سەرکەوتنی بیری سەربەخۆیی خوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان..........د.کامران ئەمین ئاوە ........... لاپەرەی..... ١٠
* ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئێران [بەشی دووهەم ]............... د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی ............... لاپەرەی ................ ١٢
* لەسێدارە دانمان لە هەخامەنیشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران [ بەشی دووهەم ]........نووسینی هۆمەر....... .. لاپەرەی.............. ١٥
* ڕۆژژمێری مانگی بانەمەڕی ٢٧١٣ی کوردی ......... ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ........... لاپەرە ٢٠

# تەنیا ڕێگای سەرکەوتنی کوردان، گەیشتن بە ستاتوویەکی پایەدارە



کاوە رۆژهەلات

لە دەستپێکی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمڕۆ، پرسی کورد یەکێک لە سەرەکیترین پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە و هەتا ئەمڕۆکە لە هەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا بەردەوامە. هەبوونی ئەو پرسە ڕێگای لەبەردەم کۆمەڵێک قەیران و کارەساتی دڵتەزێن لە مێژووی گەلانی ئەم هەرێمەدا کردۆتەوە و لە ئەنجامدا سەرەڕای ژینۆسایدی فیزیکی ڕۆژانە هەڵمەتێکی بەرفراوانی سیاسی بۆ ژینۆسایدی فەرهەنگی و سیاسی کوردان بەرێوە دەچێت. ئەم سیاسەتە نادیموکراتیکە بە گشتی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرگای لەبەردەم لەناو چوونی دەرفەتی ئاشتی، ژیانی هاوبەش و برایانەی گەلانی ئەم هەرێمە کردۆتەوە.

سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی هەرێمی، ئەوە بووە کە کورد لە دەرەوەی نەزمی جیهانی بهێڵنەوە و بە هیچ شێوەیەک دەرفەتی سازبوونی ستاتوویەکی سیاسی- حقوقی پێنەدرێت و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش پێش لە هاتنە ئاراوەی زەمینەی بەشداری سیاسی کورد لە هاوسەنگیەکانی هەرێمی و نەزمی جیهانی دەگیرترێت و دەویسترێت کە ئەم سیاسەتە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەردەوام بکرێت.

ئەمڕۆکە دەرکەوتووە کە سەرەڕای هەموو سیاسەتە چەوسێنەرەکان کوردان توانیویانە هەبوونی خۆیان بپارێزن و وەک یەکێک لە هێزە سەرەکیەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەون کە هێز و توانا و پۆتانسیەلی دیموکراتیزەکردنی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هەیە. بە درێژایی سەدەی بیستەم و ئەو تێکۆشانەی کە هەنووکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا لە ئارادایە، کوردان ئەوەیان نیشانداوە کە خوازیاری گۆڕانکاری دیموکراتیک لە هەرێمەکەن و ڕۆژانە لەگەڵ ئەم داخوازیەش تێکۆشانێکی بەرفراوانی سیاسی- لەشکەری بەرێوە دەبەن و لە پێناویشیدا قوربانی دەدەن.

لێرەدا پێویستە سەرەتا بە تایبەت باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بکەین. پرسی کورد ئەمرو یەکێک لە سەرەکیترین پرسەکانی ئێران چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدایە. شانبەشانی ئەو راستیە، نارەزایەتی بەرفراوانی کوردان لە بوارەکانی ئایینی، کولتووری، سیاسی و ئابووری، کۆمەڵگای کوردی وەک پۆتانسیەلێکی دژبەری بەهێز لێکردوە. سەرەتا بەشێک لە نارەزایەتیەکان بۆ هەبوونی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردان دەگەرێتەوە کە ناسنامەی فارسبوونی بەسەردا دەسەپێندرێت و هیچ دەرەتانێک بۆ ژیان بە ناسنامەی نەتەوەیی نیە. بەشێکیتر لە نارەزایەتی کوردان بۆ چەوساندنەوەی ئایینی کوردان دەگەرێتەوە. بەشێکی زۆر لە کوردان سوونینە و مافە ئاینزاییەکانیان لە لایەن دەوڵەتی شیعە مەزهەبەوە لێزەوت دەکرێت و ئەمە بۆتە یەکێک لە فاکتۆرە سەرەکیەکانی هەڵاواردنی کوردان. بەشێکیتر لە کوردان سەر بە ئاینی یارسانن و دەوڵەت هیچ تۆلێرانسێکی لەبەرامبەر هەبوونی ئەم ئایینە لەناو کوردانادا لە خۆی نیشان نادات. بەشێکیتر لە کوردان لە ئێران سەر بە ئایینزای شیعەنە. بەڵام شیعەیەک کە لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ شیعەی دەوڵەتی لە ناوکۆکیدایە و دەوڵەت زۆرترین زۆری و زەحمەتی و چەوساندنەوەی لە دژی کوردانی سەر بە ئاینزای شیعە پێشخستووە. لە ئاستێکدا کە زۆرترین ڕێژەی بێکاری، خۆ کوشتن و خۆ سوتاندن لەو هەرێمانە لە ئارادایە کە کوردانی سەر بە ئاییزای شیعە تێیدا دەژین. هاوکات زۆرترین ڕێژەی جەوانانی کورد لە شۆڕشی نوێی کوردان لە ئێران کە پەژاک پێشەنگایەتی دەکات لە جەوانانی ئەو هەرێمانەن. راستییەک کە تا ئێستاکە نەبینراوە و چاوپۆشی لێکراوە و هەر بۆیەش لە دەرئەنجامدا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی هەڵگەڕاوەتەوە. جگە لە هەموو ئەو ناعەداڵەتییانە هێشتا کوردان لە ئێران مافی پەروەردە بە زمانی زگماکیان نیە و سەرەڕای ئەوەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا یاسایەکی بەم شێوەیە هەیە بەڵام پێکناهێندرێت و ئەم مافە لە کوردان زەوت دەکرێت.

ئەمڕۆکە دەگەڵ ڕەوتی بەهاری گەلان کە لە تونسەوە دەستییپێکردوە و هەتا سووریا گەیشتووە، دەرفەتێکی نوێ بۆ سەر لە نوێ دارشتنەوەی دیموکراتیکی هەرێمەکە رەخساندوە. بەڵام سەرەڕای ئەمە دوو نزیکایەتی کە یەکتر تەواو دەکەن و لە ئەنجامدا گەورەترین ئاستەنگی لەبەردەم گۆڕانکاری دیموکراتیکی هەرێمەکە ساز دەکەن، لە ئارادانە.

مژاری یەکەم ئەوەیە کە بە درێژایی دوو ساڵی رابردوو ئەم راستیە دەرکەوتووە کە هەوڵدان بۆ چارەسەری بنەڕەتیەکان کێشەکان نابیندرێت و پرۆسەی گۆڕانی سیاسی- حقوقی لە هەموو وڵاتەکان بە نیوەچڵی بەرێوە دەبرێت. واتە لێگەرینی چارەسەری بنەڕەتی لە ئارادا نیە. گۆڕانکاریەکان زۆر جار و لە زۆر شوێن رەواڵەتی دەمێننەوە.

مژاری دووهەم، دوو نزیکایەتی لەخۆی دەگرێت. نزیکایەتی یەکەم کە لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە پێشکەوتووە ئەوەی کە دەویسترێت کوردان تەنها بۆ شەڕ لە دژی هێزە قەوارەپارێزەکانی هەرێمی بەکاربێنن، بەبێ ئەوەی کە بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری پرسی کورد هەبێت. تەنانەت هیچ ئەوەی کە بەرنامەیەک بۆ ئەمە لە ئارادا نیە هەوڵدانی ئەوەش هەیە کە کەش و هەوایەکی شیلوێ و ناروون لە مژاری پرسی کورددا بێننە ئاراوە یانخود ئەوا بێدەنگیەکی لەسەر پرسی کورد و مافەکانی لە ئارادایە. ئەم نزیکایەتیە کاریگەری لەسەر تەنانەت هەڵوێستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کردوە کە لە ئەنجامدا ئەوانیش ئامادە نین لەسەر پرسی کورد و مافی ئەم گەلە بەرنامەیەک یان هەڵوێستێکی دیموکراتیک دەستەبەڕ بکەن. لە ئەنجامدا زەمینەی لەیەک نزیکبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن و یەکێتی و یەکرێزەیی لاواز بووە.

لایەنی دووهەم کە هێزەکانی قەوارەپارێزی هەرێمەکەن دەیانهەوێت کوردان بەکار بێنن بۆ ئەوەی کە تۆزێک تەمەنیان درێژ بکەنەوە بە بێ ئەوەی کە ئامادە بن کە دان بە مافە نەتەوەیی- دیموکراتیکەکانی گەلی کورددا بنێن و لەو چوارچێوەیەدا هەنگاوێک هەڵبهێننەوە.

بەڵام هەڵوێستی کوردان لە سووریادا ئەوەی سەلماند کە شۆڕش ئەگەر بێت و بنەڕەتی نەبێت و گوزارە لە هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگا نەکات و ئاسۆیەکی هاوبەشی ئازاد بۆ هەموو کۆمەڵگا نەهێنێت ئەوا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت و تەنها پەرە بە ئاڵۆزی و قەیرانی ئیستقرار دەدات.

ئەمڕۆکە لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی وێنەیەکمان لە بەرچاوە کە بە پێی شرۆڤەی ئەم تابلۆیە، روخساری هاوکێشەکان و شێوازی هەڵسووکەوتی لایەنە هەرێمی و دەرەکییەکانمان زۆر بە روونی بۆ دەردەکەوێت. دوای رووخانی هەندێک لە خانەدانە دەسەڵاتدارەکان لە وڵاتانی تونس، میسر، لیبی و دەست پێکردنی شەڕ و پێکدادان لە وڵاتانی تر، هەنووکە ئاڵۆزییەکان و قەیرانە ناوخۆییەکان لە رابردوو بە دەیان قات زیاتر بۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئاڵوگۆڕ لەو حکوومەتانەدا کرا، ئەوانەی کە وا ئێستاکە لەسەر کاریشن نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوەی ویست و داخوازییەکانی گەل بن.

واتە لە دەرەنجامی ئەم ئاڵووگۆڕانە، شۆڕشی چاوەڕوان کراو، پێک نەهاتووە. بۆیە پێناسەی شۆڕش بۆ ئەم ئاڵووگۆڕانە ناتوانین بەکار بهێنین. تەنانەت بەکار هێنانی دەستەواژەی ڕیفۆرمیش چەندە لە جێی دایە، ئەویش دیار نییە. بێ گومان لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە وا دەسەڵاتەکەی گۆڕدرا، دەستێوەردانی دەرەکی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. ئینکاری ئەم بابەتە ناکرێت کە لە هەمووی ئەو وڵاتانە نارەزایەتی گەلان لە بەرامبەر دەسەڵاتەکان لە ئاستی لووتکە دایە. بەڵام خاڵی گرینک و واتە پرسیاری گرینگیش ئەوەیە کە ئایا دەستێوەردانە دەرەکییەکان ئیزنی ئەوەیان دا کە سەرهەڵدانی گەلان بە

ڕەوتی سرووشتی خۆیدا تێپەر بێت و بەرەو شۆرشێکی بنەڕەتی بڕوات یا نا؛ تەنانەت دەستێوەردانی دەرەکیش هەنووکە سیاسەتێکی زۆر جیاوازتر لە جاران لەم وڵاتانەدا و لە گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەو دەکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانیان لە عێراق سیاسەتێکی نوێیان لە ئاستی هەرێمدا پەیڕەو کرد. ئەمجارەیان ئەم لایەنە بە جێی ئەوەی کە بۆخۆی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی لایەنەکانی هەرێم بێتەوە، زەمینەی ناکۆکییەکانی ئامادە کرد و هەنووکە لە دوورەوە، بەدواداچوونی ململانیەتی نێوان هێزەکانی هەرێم دەکات و چەندەی ناکۆکییەکان لەهەرێمەکەدا قووڵتر بێتەوە، ئەوەندە زەمینە بۆ بە جێی کردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی لە هەرێمە کە دا دەرەخسێنێت. لە ڕەوشی ئەمڕۆکەی سووریادا زۆر بە ئاشکرا بەڕێوە چوونی سیاسەتێکی لەم چەشنە دەبینرێت. هاوکات لە ڕەوشی ئەمڕۆکەی سوریاش دا زۆر ئاشکرا لایەنەکانی تورکیا و پشتیوانەکانی و هاوکات ئێران، ڕوسیا و چینن کە چارەنوسی ئەم وڵاتە دیاری دەکەن. لە لێدوانەکانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێراندا ڕاشکاوانە باس لەوە دەکرێت کە ئەم شەڕە هی ئەوانە و تەنانەت چارەنووسی خۆیان لە سەرکەوتن یان بنکەوتن لەم شەڕەدا دەبینن. لەم ناوەدا خەڵکانێکی یەکجار زۆر قەتڵەعام دەکرێن و ڕووبەڕووی ئاوارەیی و ئێش و ئازارەکانی شەڕ دێنەوە. ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە لە لایەن تورکیاوە پشتگیری دەدرێت لە ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی دەرکەوتووە و ئەویش و ڕژێمەکەی بەرامبەری دەستی بە قەتڵەعام کردووە..

فرێدانی مرۆڤەکان لەسەر بانی چەند قاتەوە و وەرگرتنی بە دەیان هەزار لیرەی تورکی بۆ سەر بڕینی مرۆڤەکان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی سەر بە تورکیاوە، چۆن دەتوانرێ ناوی موخالەفەتی لێی بکرێت؟! ئایا لە ئەگەری هاتنە سەر کاری ئەم چەشنە ئۆپۆزیسیۆنە چارەنووسی کۆمەڵگای سوریا بەرەو کام ئاراستەدا دەچێت و ئایا هەمان عەقلیەت زاڵی ئێستاکە بە شێوەیەکی خراپتر بەردەوام دەبێت یا نا؟ هێشتا ئەم ئۆپۆزیسیۆنە هیچ شتێکی وەدەست نەکەوتووە، ئامادە نییە کە مافی کوردان قەبووڵ بکات، ئیتر داهاتوو چی لێدێت زۆر ئاشکرایە. هەرچەندە ئێستاکە لایەنەکان باس لە چارەسەری کێشەکان بە ڕێگای دیالۆگ دەکەن و گۆیا زەمینەی ڕێککەوتنەکان ساز دەکەن، بەڵام بە هۆی ئەو مامەڵە سیاسیانەی کە لە پشت پەردە بەڕێوە دەچن، سوریا ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار و مەترسیدارە.




گەلی کورد لە ئاستی هەرێمی و جیهانی دا هەنووکە خاوەن پێگەیەکی گرینگی سیاسییە. لە دەرەنجامی تێکۆشانی بە دەیان ساڵەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەمڕۆکە کورد خاوەن قورسایی سیاسی تایبەتە و لە هاوسەنگییە سیاسییەکانی هەرێمدا خاوەن ڕۆڵێکی بەرچاوە و تەنانەت هاوسەنگی تایبەت بە خۆی ساز کردووە.

لە چوار وڵاتی ئیستراتیژیکی هەرێمەکە گەلی کورد خاوەن تێکۆشانی ئەکتیڤە و پێشەنگایەتی ئازادیخوازی و دێمۆکراسیخوازی دەکات. گەلی کورد بە هەست پێکردن بە هەڵەکانی خۆی لە قۆناخەکانی ڕابردوو دا هەنووکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پێناو سەقامگیر کردنی ماف و ئازادییەکانی خۆی تێدەکۆشێ و بە پێی ڕەوشی ئۆبژێکتیو و بابەتییانە سیاسەت بەڕێوە دەبات و ئەنجام وەردەگرێت. سەرەڕای ئەوەی کە هەتا ئێستا لایەنە موداخەلەگەرەکانی ڕۆژئاوا و هێزە ستاتووپارێزەکانی هەرێم، هیچکامیان دانیان بە ماف و ئازادی و ستاتووی گەلی کورد دا نەناوە، بەڵام گەلی کورد و پێشەنگەکانی توانیویانە کە هاوسەنگی تایبەت بە گەلی کورد ساز بکەن، ئەگەر ئەم دوو هێزە پەسەندیشی نەکەن.

دەوڵەتی ئێران هەتا ئێستاش دانی بە هەبوونی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەم وەڵاتە دا نەناوە. لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە کێشەی کورد لە پارچەکانی تر کوردستان سرنج ڕاکێش و پۆزێتیڤە بەڵام لە چوارچێوەی ئێران وەها نیشان دەدات کە ئەم کێشەیە بوونی نییە. پێناسەیەک کە دەوڵەت بۆ کێشەی کوردانی ئێران دەیکات، لە چوارچێوەی ئاساییشی و ئابووری دایە کە وێڕای ئەوەی کە ڕاست نییە بەڵام تەنانەت لە چوارچێوەی ئابووریش دا هیچ هەنگاوێک لە ئارادا نییە. لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران و لە لایەن هەندێک لە کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتەوە سەبارەت بە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان هەندێک لێدوان دراوە. هەڵبەت دیار نییە کە ئەم هەڵوێستانە تا چ ڕادەیەک بووچوونی سەرجەم دەوڵەتە یان هی تاکەکەسەکانە. بەڵام باس لەوە دەکرێت کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی سوریادا کوردان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەبێت. بێگومان ئەم فۆرمۆلاسیۆنە بە شێوەی کرداری لە لایەن گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بەڕێوە دەچێت. بەڵام ئایا چەندە دەوڵەتی ئێران بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فۆرمۆلاسیۆنی هاوشێوە پەسەند دەکات؟ دیار نییە. هەتا ئێستا دەوڵەتی ئێران هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەری نەناوەتەوە. دەبێ ئەم ئەزموونە لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر بە باشی ببینرێت کە گەلی کورد تەنیا و تەنیا داوای مافە سرووشتییەکانی خۆی دەکات و ویستی دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ لایەنێک دا نییە. هەمان عەقلییەت لە نێو گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەمە حاشای لێ ناکرێت کە لایەنە دەرەکییەکان، ویستی بەکارهێنانی کێشەی کوردیان لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی هەرێم هەیە، بەڵام ئەمە ویستی کۆمەڵگای کوردەواری نییە. لە مێژووی تێکۆشانی گەلی کورد دا بە جاران ئەم بابەتە بینراوە کە هەم لایەنە دەرەکییەکان و هەم لایەنە هەرێمییەکان گەلی کورد و پارتە کوردییەکانیان بە کار هێناوە و دواتر خیانەتیان لەم گەل و پارتییانە کردووە و گوی ڕایەڵ بونیان کرد بە چارەنووسی گەلی کورد. بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ئەم تێکۆشانەدا گەلی کورد بە شێوەیەکی زۆر سەربەخۆ و تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی جەوهەری خۆی و بەچەمکی ئایدیۆلۆژیایەکی نوێوە دەستی بە تێکۆشان کردووە. هیچ گومانی تێدا نییە کە گەلی کورد و کوردستان قورساییەکی سیاسی زۆر گرینگە و ئەم وڵاتە وڵاتێکی هەتا دوایی ئیستراتیژیکییە. دەوڵەتی ئێران بە چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەنیا هیچ شتێک لە دەست نادات بەڵکوو لە ئاستی هەرێم دا دەتوانێ وەک مۆدێل خاوەن پێگەیەکی مەزن بێت. ئەمڕۆکە ڕەوشی ڕژێمی تورکیا لە بەرچاوە. لایەنە دەرەکییەکان دەیانویست ڕژێمی دواکەوتووی تورکیا وەک مۆدێل بەسەر هەرێمەکەدا بسەپێنن. بەڵام نزیکایەتی ئەم دەوڵەتە سەبارەت بە کێشەی کورد و ئەو قەتڵەعام و هێرشانەی کە لەسەر گەلی کوردی کرد، ئەم پیلانانە بە تەواوی لێی پووچەڵ بۆوە. هەموو پیلان و پرۆژە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیا پوچەڵ بۆتەوە. پێشخستنی پرۆسەی دیداری نوێنەرانی بەدەپە لە گەڵ بەڕێز "عەبدوڵا ئۆجالان"، لە ڕاستیدا بێ چارە مانەوەی دەوڵەتی تورکیای سەڵماند. دەوڵەتی تورک بە تەواوی حاکمیەتی خۆی بە نیسبەت سوریا و بەتایبەت ڕۆژئاوای کوردستان لەدەست داوە. هەر چەند زوری حەوڵ دا کە لە سەر بنەمای ڕێفورماسیۆنێک کە هێزە هێژمونیکەکان پێیان بەخشیوە بە نیسبەت سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان تەڤ بگەرێ، بەلام بەرخودانی کوردانی ڕۆژئاوا ئەو سیناریۆیەی تورکەکانی پوچەڵ کردەووە و بەناچار بۆ ئەوەی ڕێگر بێ لە بەر دەم پرۆسەی نەتەوایەتی کورد، تیرۆری بەڕێوەبەرانی پ.ک.ک.ی ئەنجام دا. تیروری سێ ژنە چالاکوانەکەی پ.ک.ک بە هاوکاری دەولتی فەڕانسە و ساپۆرتی دەوڵەت-نەتەوەکانی مۆدرنیتەی کاپیتالیستی لەم بوارە داجێگای سرنج و ڕامانە. دەوڵەتی تورکیا لە لایەکیش ڕێگای بە دیدارەکانی ئیمرالی دا کردەوە. لە بنەمادا دەوڵەتی تورک یەک مەسئولیەتی بە نیسبەت ڕۆلێک کە ئامریکا پێ بەخشیوە لە ناوچەکە دا هەیە، ئەویش ساز کردنی هەرێمێکی تامپۆن لە سووریایە. ئەو هەرێمە تامپۆنە کە لە بنە ما دا وەک سەنگری هەرە گرینگ بۆ دەوڵەتی تورک بە ئەژمار دێت بۆ لەناوبردنی پ.ک.ک. و تەڤگەرێ یەپەگەیە. بەڵام هەتا ئیستا ئەنجامی وەر نەگرتووە. هوکاری ئەو ئەنجام وەر نەگرتنەش نادیدە گرتنی هێزی ڕاستەقینەی کوردان و لۆژیکی نەتەوەپەرستانەی دەوڵەتی تورکیایە. خوێندنەوەی تورکەکان بۆ باشوور خوێندنەوەیەکی سەقەتە، لە سەر ئەو ئەساسەش سیناریۆی داگیرکردنی ڕۆژئاوای لە سەر دایە بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا بتوانێ

وەک ئاوانتاژێک لە بەرانبەر پرسی ئیران لە گەڵ ئامریکا ودەولەتە رۆژئاواییەکان بە کاری بهێنی. مخابن تورکەکان هیچ ئیرادەیەکی چارەسەری راستەقینەیان لە ناو دا بە دێ ناکرێ و نزیک بۆنەوەیان دوای دیدار لە گەڵ عەبدوڵا ئوجالان لە بەرانبەر بە پ.ک.ک زور جیاوازترە. هێرشە ئاسمانییەکانیان چرتر کردوتەوەوە و ئوپراسیونە سەربازیەکانی پەرە پی داوە. بەو هیوای کە بتوانن کوردان تەسلیم وەر بگرن و ئەو بەڵا میژوییە لەم قۆناغە دا کە دیزاینێکی تازە بە نیسبەت رۆژهەلاتی ناوەراست لە ئارا دایە لە بەرژەوندی خۆیان دا بشکێنەوە!


بە لەبەرچاو گرتنی رۆڵێ دەوڵەتی تورک و ئەرکە سیاسیەکەی کە پەرە پێدانی فنداميتاليزمی نەرم لە نەوعە شۆڤنییەکەی و پارادوکسێک کە لە نێوان هێزەکانی ناو خوی تورکیا دا هەیە، وەک بەرەی نەتەوەپەرستی جەهەپە و مەهەپە لە بەرانبەر پارتی داد وگەشە پێدانی ئەردوغان ئاسوی ئاشتیەکی مایەندە و پراکتیزە کردنی دیپلۆماسی ئارامی بە تایبەت بە نیسبەت باکوور و رۆژئاوای کوردستان بە هێچ شێوازێک بەدی ناکرێ و داهاتوی تورکیا داهاتویەکی ئالۆز و ناسەقامگیر دەبێ. لەم ناوە دا ئیران وەک ستاتووی ئاڵتێرناتیڤ لە ناوچەکە دا خۆی سەیر دەکا و حەوڵ دەدا کە لە رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا نزێک بێتەووە و رۆلێ نوێ خۆی لە مودرنیتە و 8 وڵاتە زلهێزەکەی جیهان وەربگرێ. چونکە ئیران باش لە راستی کێشەکانی تورکیا گەیشتووە و لە سەر ئەو ئەساسە معامەلە و سیاسەت دەکا بۆ مانەوەی دەسەلات داریەتی خۆی لە ناوچەکە دا.

لە کۆتاییدا ئەوە وەبیر دێنمەوە کە پرسی کورد بە هۆی ئەوەی کە لەسەر چوار وڵاتی سەرەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەشکراوە یەکێک لە سەرەکیترین و بنەڕەتیترین پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەر بۆیە چارەسەری ئەو پرسە، رێگا بۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەرێمەکەدا دەکاتەوە و زەمینەی هاتنەئارای کەش و هەوایەکی نوێی سیاسی و ئابووری دەخوڵقێنێت. بە ڕای من باشترین رێچارە، کۆنفێدراڵیزمی دیموکراتیکە کە دەتوانێت بە بێ ئەوەی کە دەست لە سنوورەکانی دەستکردی ئێستا وەربدرێت و بە بێ ئەوەی کە پێویستی بە دانانی کۆمەڵێک سنووری نوێ هەبێت، چارەسەریەکی هەمە لایەنە بۆ پرسی کورد پێشبخات. لێرەدا بەکار هێنانی دێسێنتراڵیزم وەک پرەنسیپێکی دیموکراتیک، شەرتێکی سەرەکییە کە زەمینەی خۆبەیانکردنی سیاسی کوردان دێنێتە ئاراوە. هاوکات دەرگا لەبەردەم ژیانی هاوبەش و برایانەی گەلان دەکاتەوە و زەمینەی چارەسەری پرسی گەلانی وەک عەرەب، بەلوچ و ئازەریش ساز دەکات. تەنها چارەسەری بنەڕەتی دانپێدانان بە ستاتوویەکی سیاسی-حقوقییە کە بتوانێت مافە دیموکراتیکەکانی کوردان گارانتی بکات.

٥ی ئاوریلی ٢٠١٣

سەرچاو : ئاوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ

# یەکێک لە ڕەهەندەکانی جینۆسایدی کورد لە عێراق



ئیبراهیم مەلازادە

پرۆسەی جینۆسیادی کورد لە عێراق، پرۆسەیەک بوو هەر لە دامەزراندنی بەعسەوە، پرسی پێکهاتەکانی ناعەرەبی "ناو نیشتمانی عەرەبی" قسەی لەسەر دەکرا و بە خواست و ستارتیژیەتی کۆلۆنیالیزمەوە دەبەسترایەوە. بێجگە لەوەی کە ئەو پێکهاتە و کەمایەتیانە مەترسیەکی گەورەن لەسەر ئێستا و ئایندەی عەرەب، یا بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب و دەبێت لە خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب تێبکۆشن. بێجگە لەوە هیچ چارەسەرێکی ئەوتۆیان بۆ ناعەرەبەکان پێنەبوو. بۆیە پرۆسەی بێ ئیرادەکردنیان و پەرتوبڵاوکردنیان و دابەشکردنیان بەسەر ناوچەی جیاواز و ڕۆشنبیرکردنیان بە میکانیزمی جیاواز، بەشێکی بنەڕەتی بوو لە تێروانینی بەعس بۆ ناعەرەبەکان، تەنانەت لە دەستوری ١٩٤٧ی بەعسدا لە مادەی ١١داهاتووە "ئەوەی بانگەشە بکات یا بچێتە ڕیزی پێکهاتەیەکی ڕەگەزی لە دژی عەرەب، لە نیشتمانی عەرەبی وەدەردەنرێت، هەموو ئەوانەش کە بە مەبەستێکی داگیرکاریانە کۆچ بکەن بۆ نیشتمانی عەرەب". بەم جۆرە جینۆساید لەسەر هەموو ئاستەکانی حیزب و دەوڵەتدا کاری لەسەر دەکرا.

شاڵاوەکانی ئەنفال، ترویک و لوتکەی جێبەجێکردنی پرۆسەی جینۆسایدە، لەوانەیە هەمووی نەبووبێت، هێشتا زۆر هەنگاوی دیکە لەبەردەم بەعس مابوون بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بپێکێت، چونکە هێشتا نەیتوانی بوو ئیرادەی بەرەنگاربوونەوە و ئازادی و ڕزگاری لە دڵ و دەروونی خەڵکی کورددا بکوژێت، هێشتا نەیتوانیبوو کورد وەکو قەوارەیەکی یەکگرتوو لەڕووی زەوی و زمان و خواستی گشتیەوە لەبەین بەرێت، بۆیە بە دڵنیاییەوە شاڵاوەکانی ئەنفال بەشێکە لە لوتکەی گەیشتن بە ئامانجەکان، بەڵام هەمووی نیە. کە خۆشبەختانە بەعس هێندە تەمەنی درێژ نەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆسەکە بە ئاکام بگەیەنێت. بۆیە لەبیرکردن و پشتگوێ خستنی هەموو ئەو سیاسەتەی کە بەعس ئەنجامی دەدا، شالاوەکانی ئەنفال دەکاتە ڕووداوێکی کتوپڕ و لە ڕەگوڕیشەکانی دادەماڵێت و ماناکانی لێ دەسەنێتەوە. تا قۆناغەکانی بەر لە شاڵاوەکانی ئەنفال باس نەکرێن ئەستەمە بتوانین لە ئەنفال تێبگەین، تا پرۆسەی ڕاگواستن شێنەکرێتەوە و لێکدانەوە بۆ ئامانجەکانی نەکرێت ئەستەمە بزانین بۆ ئەنفال ڕوودەدات! خەڵکێک ساویلکانە باس لە ئەنفال دەکەن بە هەڵەبجەشەوە. دەڵێن چونکە حیزبە کوردیەکان چوونە ناو هەڵەبجە بۆیە کیمیاباران کرا، بەڵام ئەم تێڕوانینە لە نەزانینەوە بە خودی پرۆسەی جینۆسایدەوە سەر دەگرێت. چونکە هیچ پرۆسەیەک بێ ڕەهەند و بێ هۆکاری درێژخایەن لە ستراتیژیەتی جینۆسایدکاردا دروست نابێت.



ئەوەی لای زۆربەی خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان ئاشکرایە، لەگەڵ هاتنی بەعس بۆ دەستەڵات لە ١٩٦٨ پرۆسەی ڕاگواستن دەست پێ دەکات، سەرەتا بە دەسنیشناکردنیان و خوێندنەوەی تەواوی بارودۆخی کورد لەلایەن بەعسەوە، دەستکاری کردنی کوردە فەیلیەکان بەشێکی گرنگ و بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەو بیرکردنەوە و لێکدانەوەیە. ئەوە ئاشکرایە کە تەنها کوردی فەیلی شیعە نەبوون لە بەغدا بەڵکو شیعە عەرەبەکان ناوچەی تایبەت بەخۆیان هەبوو و لەهەموو شوێنێکی بەغدا دەژیان، بەڵام تەنها کوردە فەیلیەکان کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە، چونکە پێکهاتەیەکن کۆمەڵێک تایبەتمەندیان هەن و بۆ بەعس قبوڵ نەدەکران. ئینجا دوای

هەرەسی شۆرشی ئەیلول تەواوی لادێکانی کوردستان کەوتنە بەر شاڵاوی راگواستن، بەر لەوەی دەنگوباسی جەنگی عێراق/ ئێران لە ئارادا بێت. بۆیە ترسناک ترین قۆناغ و سەرەتای دەستپێکردنی جینۆساید لە کوردستان، ڕاگواستنی تەواوی لادێ نشینەکانی کوردستان بوو لەلایەک، لەلایەکی دی نیشتەجێکردنەوەیان لەچەند کۆمەڵگایەکی جیاواز بەناوی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان (القرى العصرية ) کە زۆر زیرەکانە و ستراتیژیانە شوێنەکانیان دیاری کراوە و ناوی هاوچەرخیشیان بۆ دانراوە. ئەوە بێجگە لەو بارودۆخەی کە ئەو خەڵکە لەناو ئەو ئۆردوگایانە ڕووبەڕووی دەبوونەوە. تائێستا توێژینەوەیەک نیە لەسەر جیاوازی بارودۆخی دەروونی خەڵکی کورد بەر لە ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن.

لەو بارەیەوە، نۆربێرت ئێلیاس چەمکی دەستدرێژی یا (هێرشکردن)ی شارستانی داهێنا کە بە ئینگلیزی دەبێتە (civilisation offensive)، مەبەست لەو چەمکە ئەو دۆخەیە کە داگیرکەر یا گەلی سەردەست بۆ "بەشارستانی کردنی" لایەنی ژێردەست پەنا بۆ کۆمەڵێک ڕێوشوێنی جیاواز دەبات بۆ ئەوەی لەدواکەوتن و ناشارستانی بوون دەریان بێنێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە شکستی شارستانیەتە، وەها پرۆسەیەک بە تەواوەتی نامرۆڤانە و ناقانونیە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو بنەما ئەخلاقیەکانە، چونکە لە ئەقلیەتێکی دژوار و ڕەگەزپەرستەوە سەر دەگرێت، ئەقڵیەتێک لەبەر هەر هۆکارێک بێت پێی وایە ئەو لایەنە هێشتا ناشارستانین و لە دونیا و ژیان تێناگەن، دواکەوتوون و لەجرۆجامشت دەچن، بۆیە لەسەریانە بیناکەنەوە بە مرۆڤ. لە بنەڕەتدا گۆڕینی ئەو پێکهاتەیە لەبەرژەوەندی لایەنی سەردەستە و بەجۆرێکی زۆر بەربەریانە و نامرۆڤانە پیادەی دەکەن. نموونەی ئەم جۆرە ڕەفتارەش کۆلۆنیالیزم لە ئوسترالیا لەدژی خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە ئنجامیان دا، هەرچی منداڵی ڕەسەنەکان هەبوون کۆیانکردنەوە، بە مەبەستی ئەوەی لەسەر شێواز و ئەتەکێتی ئەوروپیانە پەروەردەیان بکەن. ئەوەی بەعس ئەنجامی دا ڕێک ئەو پرۆسەیە بوو بۆ ئەوەی لەڕوانینی بەعسیەکان کوردەکان لەو ناوچانە ناتوانن شارستانیانە بژین، ناوچەکان دوورە دەستن لە خزمەتگوزاریەکان و ئەوان ناتوانن ئەو خزمەتانەیان پێ بگەیەنن، دز و جەردە و چەتەکان ڕێگری لە هەوڵ کۆششەکانی دەوڵەت دەکەن و کرێکار و فەرمانبەرەکانی دەوڵەت دەکوژن، ئەوەچش لەوەی کە پێی وایە ئەو ناوچانە سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتیوانی کردنن لەوەی کە پێیان دەگوتن هەڵگەراوەکان و دەرچوان لە قانون، کە مەبەستی هێزی پێشمەرگە بوو.

دواتر ئەم ئۆردوگا زۆرملێیانە دەکرێن بە بناغەی پرۆسەی جینۆساید و سڕینەوەی سیما نەتەوەییەکانی کورد، لەلایەک بە دابڕینی لە ڕەهەندی لادێ و کشتوکاڵ، ڕوخاندنی هەموو ئەو پرد و پێگانەی کە شار و لادێ بەیەکەوە دەبەستنەوە، لەلایەکی دی، دابڕانی هێزی بەرگریکار لە جەماوەر. ئەم ئۆردوگایانە کۆمەڵێک خزمەتی زۆر گەورەی بە ستراتیژیەتی بەعس کرد، کە دەتوانین لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:




یەکەم: توانی لەو ڕێگایەوە زۆر بە ئاسانی کۆنترۆلی سەدان هەزار خێزانی کورد بکات و بەو ئاراستەیەوە بیان بات کە خۆی دەیەوێت.

دووەم: سەدان هەزار خێزانی کوردی لە یەکەیەکی بەرهەمهێنەرەوە گۆڕینی بۆ یەکەیەکی بەرهەمبەر یا مشەخۆر. تەواوی ئەو خێزانە کوردانە بە کشتوکاڵ و ماڵیات و کاری پیشەیی هەمەجۆر خەریک بوون، لەپڕ لەهەموو ئەو سروشتە دابڕێنران و لەچەند کۆمەڵگایەکی قەڵەباڵغ و جەنجاڵی ڕەق و ڕووتدا قایم کران، خرانە ژێر چاودێری ڕاستەخۆی پیاوانی ڕژێم و ژێر گەمارۆی خیوەتگا سەربازیەکان و دەرچوون و بۆچوونیان بە خاڵی پشکنینی توندا دەبوو.

سێیەم: بێکاری لەو کۆمەڵگا نوێیانە وای کرد تاکی کورد بکەوێتە بۆشاییەکی دەروونی ترسناکەوە، لەوێوە دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و خۆکوشتن و کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان دێنە کایەوە، کە لە بنەڕەتدا لە لادێکان ئەو دیاردانە نەبوون، تەنانەت دیاردەی کوشتن لە یادەوەری خەڵکدا لە ڕمانی ئاسمان ئەستەم تر بوو. کەسێک لە ناوچەیەک بکوژرابایە بە مانگیش بەو شوێنەدا نەدەچوون.

چوارەم: لەڕێی ئەو ئۆردوگایانەوە ڕژێم توانی زۆرترین ژمارەی خەڵک لە میلیشیای جاشەکانی بەناو"افواج خەفیفە" بخاتە ڕیزی خۆیانەوە و "تەجنید"یان بکات و لەخزمەتی سیاسەتی بەعسدا وەگەڕیان بخات. ئەو ئۆردوگایانە نەبوان مەحاڵ بوو بتوانێت ئەو هەموو ژمارەیەی جاش لەکوردستاندا بەسەر یەکدیدا کەڵەکە بکات، چونکە زۆربەی ئەوانە لەسەردەمی لادێدا جوتیار و کاسبکار بوون و دەیانتوانی خۆیان بژیەنن، هەروەها دەوڵەت دەستی بە ژمارەیەکی زۆر لەوانە ڕانەدەگەیشت. کەواتە تا ئەو کاتە دیاردەی جاشایەتی لەسنوورێکی زۆر بەرتەسکدا بوو، بەڵام ئۆردوگا زۆرملێکان وایان کرد پیشەی جاشایەتی ڕەواجی بۆ دروست ببێت و دەوڵەتیش بە خراپترین شێوە لەدژی خەڵکی خۆیان بەکاریان بێنێت. هەروەها لەهەموو ئەو ئۆردوگایانە بنکەی بەعسیەکان کرانەوە و لەو ڕێیەوە خەلکێکی زۆریان کردە بەعسی و کاری سیخوریان پیدەکردن.

پێنجەم: لەڕووی ئادیۆلۆژیەوە، بەعس کۆمەڵێک ڕێوشوێنی دیکەی گرتنە بەر، هەر بۆ بە "شارستانی کردنیان" لە دیدی بەعسدا، بۆیە هەر خێزانەو تەلەڤیزیۆنێکی بەسەردا دابەشکردن. هەڵبەت مەبەستی سەرەکی لەو کارە ئاشناکردنی خەڵک بوو بە سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس و ئایدیۆلۆژیاکەی. ئاشناکردنیان بە سەردان و خۆنمایشکردنەکانی سەددام. گەیاندنی فەرمان و ڕێڕەویەکانی ڕژێم بە خەڵک بە ئاسانی. ئەوەچش لە خافڵاندنیان و سەرقاڵکردنیان بە زنجیرە تەلەڤیزیۆنیەکان و دوورخستنەوەیان لە هەر بیروبۆچوونێکی دژ بە دەستەڵات.

شەشەم: ئەو ئۆردوگایانە بوون بە هێلانەیەکی شیا و گونجاو بۆ دەرچوون لە بەها کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکانی لادێ نشینەکان، بەمەش توانی ئەو خەڵکە لە ژمارەیەک بەهای هاوبەشی وەکو وەفاداری و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و هاوکاری نێوانیان دابڕێت بۆ خیانەتکردن لەیەکدی و درۆکردن و دەستی یەکدی برین و بەرپاکردنی ناکۆکی لە نێوان تەواوی خەڵکی کوردستان.

حەوتەم: خاڵێکی دی کە جێگای لێ وردبوونەوەیە تێکدان و خاپورکردن و هەلابەهەلاکردنی لادێکانی کوردستان، لەڕووی ئابووری، سروشت، بیناسازی و کولتوری کوردەواری. زۆرێک لەو لادێیانەی لە دوای ڕاپەڕین بیناکراونەتەوە هیچیان ئەو جوانی و ڕۆحی کوردبوونەیان پیوە نەماوە. زۆربەی ئەو لادێیانە بە جۆرێکی زۆر بێسەروبەر و پەرتوبڵاو دروست کراونەتەوە، کە پێشتر وەکو ئێسک و گۆشت خانووەکان دەبەریەک ڕاچووبوون. بەمەش توانی خەڵکی کورد لەڕەهەندە مێژوویەکانیەوە دابڕێت و بەشێکی زۆری ئەو سەرماییە مێژوویە بفەوتێنێت.

لەوەدا تێدەگەین کە ئۆردوگا زۆرەملێکان هەوڵە سەرەتاییەکانی داگیرکەر بوون بۆ ئەوەی هەموو پەیوەندیە سترکتۆریەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بپسێنێت و بشێوێنێت، یا بە ئارەزوو و خواستی خۆی دایڕێژێتەوە. بیانکات بە کۆمەڵێک گیتۆ و دوورگەی لەیەک دابڕاوی بێ کاریگەر.

١٤ نیسان (ئاوریلی ) ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری پێنوسەکان

# سێکیولاریزمی تورکیی لە بەرامبەر دێموکراسیی کێم دێنێ.



کرمانج گوندیی

بەرایی.

لە سادەترین فۆرم، سێکیولاریزم دەکرێ وەکی ئایدیۆلۆژییێک تاریفی لەبۆ بکرێ کە ئایین لە دەوڵەت جودا دەکا. سێکیولاریزم ئەو مافە بۆ خەڵک دابین دەکا کە لە ئاست فەرمان و قوتابخانەی ئایینیی ئازاد بن. سێکیولاریزم دژی ئایین نیە، بەڵام لە بەرامبەر ئایین سەربەخۆیی هەیە. سێکیولاریزم بە شێوەکی گشتی بەمانای دیموکراسیی نیە - لێ، دەکرێ هەنگاوێک بێ بەرەو مۆدێرنیزە، و دامەزراندنی ئینستیتیوتهاییکی دیموکراتیک کە تێیاندا عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیی بە جۆرێکی خویا لە نێوەرۆکی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی، سیاسەت، و ئابووریی ئەدا بکرێ و هەڤوەڵاتییان لێی بەهرەمەندبن.

سێکیولاریزمی تورکیی کە لەگەڵ دامەزراندی کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٢٤ درووست بوو، توانی ئایین لە سیستەمی دەوڵەتداریتیی دوور بکا - بەڵام، بە جێگەی ئەوەی لە ڕەهەندی دامەزراندنی کۆمەڵگەییکی یەکسان هەنگاوهەڵێنێ کە تێیدا عەدالەتی کۆمەڵایەتیی بەرقەرار بکرێ -. لەژێر کارێگەرێتیی شۆڤێنیزمی تورکیی و زهنیەتیی عەسکەرتاریی نەک هەر لەو ڕەهەندە نێزیک نەبۆوە، بەڵکوو ڕێچکەی لاسایی کردنەوەکی وێنەچووی لە فەرهەنگی ئۆروپایێ پێشگرت؛ و لە بنپەردەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوایێ توانی فەرهەنگی ڕەگەزپەرستانە تورکیی بەرفرە بکا، و لە نێو ئەو فەرهەنگەش تکۆلی لە ئێکەک لە کەونارترین نەتەوەی جیهانێ بکا.

## فەرهەنگی سێکیولاریزم.

لەساڵێ ١٨٤٦، بۆ یەکەمجار نووسەری نێومەندی ئینگلستانیی ، جۆرج جەیکەب هۆلیئۆک تێرمی سێکیولاریزمی وەکی چەمکی "هزری ئازاد" بەکار هێنا بۆ ئەوەی وەکی بنەماگە خزمەتی "چارچێوەی بیریی کۆمەڵایەتیی" بکا. پاشان، لە بەحسەکەی خۆی "ئەخلاقی سێکیولار" کە لە ساڵی ١٨٩٦ چاپ و بڵاوی کردەوە، هۆڵیئۆک بەو جۆرە تاریفی سێکیولاریزم دەکا:

"سێکیولاریزم کۆدی ئەرک و بەرپرسێتییە کە پێوەندی بەم ژیان و جیهانە هەیە و لە مرۆڤ دەست پێدەکا و لە مرۆڤیش تەواو دەبێ، و پتر بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بە پیۆلۆگی و ئایینمەندیی نیە، وئایین ناکامڵ دەبینن. سێکیولاریزم لەسەر سێ بنەماگە دامەزراوە: ١) لە ڕێگەی بەکارهێنانی مەتێریال ئەم ژیانی گۆزەویە پێشڤە ببرێ، ٢) زانست حیکمەتێکی بەردەستە بۆ [خزمەتکردنی] مرۆڤ، و ٣) کارێکی چاکە لەهەر وەختێک کە بکرێ چاکە ئەنجام بدرێ -. بەڵام، چاکە لە نەزەر بگیرێ یان ن گیرێ -. چاکەی ژیانی ئێستا چاکە، ئەوەش کارێکی چاکە کە [بەردەوام] هەول بدرێ بۆ ئەوەی کاری چاک بدرێ."

ئەدگارەکانی سەرەتایی سێکیولاریزم لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراون کە بنەماگەی "چاکەکاریێ" کە تێیدا مرۆڤانی ئاسایی ئەو مافەیان بۆ دابنین کراوە کە بە جۆرێکی یەکسان بواری پێشکەوتیان هەبێ. بەڵام، لە زۆر لە ڕژێمانی سێکیولار - تورکیاش لەگەل - سێکیولاریزم لەسەر حسێبی بنەماگەکانی بنچینەیی دیموکراتیک درێژە بە مانەوەی دراوە. تورکیا، وەکوو وڵاتێکی ئیسلامیی کە لە ساڵی ١٩٢٤ ڕا لە لایەن سێکیولاری ڕادیکاڵ کە ئینستیتیوتی ئەسکەریی لەسەرووی دەوڵەتی تورکیایێ بوو، و بە هەموو جۆرێک (خوێن ڕێژتنیش لەگەڵ) دژایەتیی پێکهاتەکانی ئایینیی و ئازادیی تاکانی ئایینمەندی کردیە. ئەمە بۆ خۆی لادان لە بنەماگەی سێکیولاریزم و کەمهێنان بووە لە فەرهەنگی دیموکراسیی.




## سێکیولاریزمی تورکیی.

لە وەختێک کە پارلەمانی تورکیا یاسای قەدەغە کردنی سەرپۆشی ژنانی ڕاکرد بۆ ئەوەی ئازادیی بە ژنانی تورکیایێ بدرێ لە کاتێک ئەگەر ژنانێک ئارەزوویان بێ بتانن ئەو مافە خودا پێداوەی خۆیان بەکار بێنن -. تا پارلەمان ئەو کارەی کرد، ئینستیتیوتی ئەسکەری و سێکیولاریستەکانی ڕادیکاڵ زۆر بە توندی کەوتنە هێرش کردن بەوەی کە ئەوانە دەیانەوێ سێکیولاریزمی تورکیایێ لاواز بکەن. دانەوەی ماف بە هەڤوەڵاتییان بۆ ئەوەی ئازادیی خویان بەکار بێنن لادان لە سێکیولاریزم نیە بەڵکو ڕەویش و ڕەهەندی بەرفرە کردنی پلوورالیزم و فەرهەنگی دیموکراسییە. ئەوە ڕاستە لە وەختێک شەریعەت بکرێتە بەشێک لە دەستووری وڵات سێکیولاریزم لاواز دەبێ، بەڵام بە هەمان شێوە دەکرێ مەترسییدار بێ لە کاتێک بە توندی مەفەکانی هەڤوەڵاتییان ڕەد بکرێ کە نەتانن ئازادانە ئەدای باوەڕەکانی فەرهەنگیی و ئایینیی خۆیان بکەن - لەو حاڵەتە زهنییەتی ڕادیکاڵ، "سێکیولاریزم" دەگوازێتەوە بۆ "سێکیلاریزمی ڕادیکاڵ" کە فەرهەنگی "کەمتەحەمولیی و ڕەدکردنەوە" درووست دەکا (دیکتاتۆرەکان بە گشتی زادەی ئەو زهنییەتە سەقەتەن). هەر ئەو زهنیەتە سەقەتەش کە وەکوو تاعوون لەساڵی ١٩٢٤ڕا، سەراپای ناسیۆنالیزمی تورکی تەوق داوە -. تورکیای لەناو سایکلی ترس، بێباوەڕیی، و جەهلی تورکیزم حەپس کردیە.

هەر ئەو فەرهەنگە سیاسی -. یاساییەی تورکایێ بۆخۆی وەبیهێنانەوەیێکە بۆ جیهانێ کە ببینن سیستەمی "سیاسی - عەدلی تورکیی" چەند ناعادڵە و نادیموکراتیکە و چەند کێم دەهێنێ لە بەرامبەر "عەدالەتی هەقیقیی." هەر لەبەر هەندێش سیستەمی سیاسی -. عەدلی تورکیی خالیی لە توانای ئەخلاقییە.

ئەو کوردۆفۆبیایەی کە فەرهەنگی سیاسی - کۆمەڵایەتیی تورکیی درووستی کردووە ـ بەهانەییک بووە کە سێکیولاری ناسیۆنالیزمی تورکیی هەمیشە بەکاری هێناوە بۆ ئەوەی ڕەوایی بە پرۆسەی چەوساندن و تکۆڵی کردن لە بوونی نەتەوەی کەوناری کورستانێ.

سێکیولاری ناسیۆنەلیزمی تورکیی هەمیشە دیموکراسیی لیبراڵیی کە بانگێشەی پلووڕالیزم و یەکسانی دەکا، مەحکووم و ڕەد کردیتەوە -. کە ئەوەش بۆخۆی لادانە لە تەواوی بنەمەگەکانی دیموکراتیک و لاوازکردنی ئۆرگانەکانی فەرهەنگی سێکیولاریزمی مەردووم سالاریی . ئەو جۆرە ڕەفتار و زهنییەتە بۆتە پێشگر لەهەمبەر گەشەکردنی تورکیایێ و ڕێگریشە لە هەمبەر وەرگرتنی تورکیایێ کە ببێتە ئەندامێکی یەکییەتیی ئۆروپایێ.

بۆ ئەوەی تورکیا بتانی ئارمانجەکانی خۆی بەدەست بهێبێ، گەرەکە فەرهەنگی سێکیولاریزمی لیبرال بپارێزێ و پێشڤەی ببا تا بتوانی بنەماگەکانی فەرهەنگی دیموکراسی لە بوارەکانی عەدالەتیی

کۆمەڵایەتیی، سیاسی، و ئابووریی بخاتە حاڵەتی جێبەجێ کردن -. کە ئەمەش لە ناساندن و ڕێزلێنان لە فەرهەنگ و تەسکەرەی سیاسیی - کەلتووریی گەلی کورد لە باکووری کوردستانێ ڕەنگ دەدا کە ئەو تەسکەرە و فەرهەنگە لە نێو چارچێوەی قانوونیی بناسرێن و لە دەستووری تورکیایێ هەموار و یەکسان تۆماربکرێن. تەنێ ئەوکاتە سێکیلاریزمی دیموکراتیکی تورکیایێ دەتانی لە ڕەهەندی تەکامولی کۆمەڵگەیێکی سیڤیل و خاوەن عەدالەتی کۆمەڵایەتیی ڕێ پەی بکا.

دیموکراسی لە جۆری فەلسەفەی سیاسیی لەسەر بنەماگەکانی ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادی میدیا، ئازادیی ئایین، ڕەهەندی یاسایی، ریزلێنان لە مافەکانی تک ، کۆ، و ناسنامەی فەرهەنگ -ـ نەتەوەیی، و کۆنترۆڵی سیڤیلیی بەسەر ئینستیتیوتی عەسکەریی دامەزرایە. دیموکراسی لەسەر بنەمای پلوورالیزم -. حوکمی زۆرینە و ڕێزدانان بۆ مافەکانی کەمینە درووست بووە. هەر لەبەر هەندێ بۆ تورکیا ئەگەر بیەوێ بۆناو کۆمەڵگەیێکی سیڤیل گەشە بکا -. گەرەکە ڕێز بۆبنەماگەکانی مافەکانی مرۆڤ دابنێ و سیماکانی ئازادیی سیڤیلیی بپارێزێ و پێشیان ببا، و تەواوی مەفەکانی گەلی کوردستانێ لەدەستوور وەک میللەتێکی جودا لە میللەتی تورک جێگیریان بکا.

بۆ ئەوەی ڕەهەندی ئایندەیێکی ڕۆناک لە پێش بگرێ، سێکیولار یزم و سێکیولاری تورکیایێ گەرەکە خۆیان لەو "تورکایەتییە رووتە" دوور بکەن، و ئەو هەقیقەتە لە نەزەر بگرن کە تورکیا تێیدا دەژی -ـ کە تورکیا لە دوو نەتەوەی سەرەکیی کورد و تورک شەکڵی گرتووە - ئەوانەی لە تورکیایێ دەژین هەموویان تورک نین و ناشبن بە تورک -ـ سەردەمی ئەو زهنیەتە سەقەتە کە ئەوانەی لە تورکیا دەژین هەموویان تورکن بەسەر چووە. سەردەمی ئەورۆ، بەهەمان شێوە کە ماف بە تورکان دەدا کە پارێزگاریی لە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆیان بکەن، بە هەمان شێوەش ماف بە کوردان دەدا کە داوای مافەکانی نەتەوایەتیی خۆیان بکەن. ئەگەر سەردەم سەردەمی پێشڤەبردنی ناسیۆنالیزمە -. ئەو پێشڤەبردنە بۆ نەتەوەی کوردستانێش هەمان ڕەواییێتیی یاسایی ـ سیاسیی هەیە.

## دیماهیک.

سێکیولاریزم وەکی فەلسەفەیێکی مرۆیینیی گەرەکە پلورالیزمیی و مەردووم سالاریی بێ بۆ ئەوەی کەشی لەیەکتری تێگەیشتنی ڕێزمەندانە لەنێوان دین و دەوڵەت بەرقەرار بکرێ هەتا هەر ئێک لەوان دوور لەیەکتر کاری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی - یاسایی خۆیان بکەن - بەجۆرێک لە ئەدای ئەرکەکانیان بۆ پێشڤەبردنی کۆمەڵگە، تەندرووستمەندانە لەتەنیشت یەکدی ڕەهەندی خۆیان پەی بکەن. تێکەل کردنی ئایندارێتیی بە کاری دەوڵەتدارێتیی ئەنجامێکی دژواریی بۆ کۆمەڵگە دەبێ. هەرئایدیاییێک چ سێکیولاریزم بێ یان پیۆکراسیی گەرەگە بە کردە لە ڕەهەندی خرمەتکردن و پێشڤەبردنی مرۆڤایەتیی دەست پێبکا و لە تەکامولی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی تەواو ببێ - دەنا شکست دێنێ

بۆ سێکیولاریزمی تورکیی کە بەرووالەت دەیەوێ لە لاسایی کردنەوەی ئۆروپایێ دەربچێ و ببێتە ئەندامێک لە یەکییەتیی ئەو کێشوەرە، گەرەکە هەوڵ بدا کە واز لە بەکارهێنانی سیاسەتی خاپاندن بهێنێ و بۆ "خاتری ئایندەی خۆی" پێویستە فەرهەنگی لێکتر تێگەیشتن و تەحەموول کردن پێشڤە ببا. تورکیا ناتوانێ بەردەوام لەناو فەرهەنگی "تورکایەتیی" قسە لە یەکسانیی بکا -ـ لە بەرامبەریش چاوەڕێی ئەوە بکا کە خەڵکی کوردستانێ "دەست لە چۆکان" دابنیشن. میللەتی کوردستانێ لە سیاسەتەکانی ناماقووڵی تورکیایێ هوشیارترە. بۆ تورکیا گرینگە کە بە دوای چارەکی جیدیی بگەرێ کە تێیدا ئاشتیەکی هەمیشەیی دابمەزرێ. تورکیا چیدی نکارت لە پشت پەردەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئۆروپایێ درێژە بە سیاسەتی چەواشەکارانەی خۆی بدا. لەلایەک دارای ڕەگەزپەرسترین دەستووری وڵات بێ کە لە ژێر سێبەری ئەو دەستوورە میللەتی کوردی باستانیی حاشا لێ بکا - لەلایەکیتر بە زهنیەتێکی کاریکاتۆریی قسە لە دیموکراسیی و نەخشەڕێگەی چارە وەدۆزین بکا.

---

ژێدەرەکان:

Agnosticism/Atheism. (2008). About.com. Agnosticism، Secularism 101: Religion، Society، and Politics.
Atheism. (2008). http://atheism.about.com/library/FAQs/religion/blrel_sec.htm.
Holyoake، George J. (1896). Secular Ethics. Publication English Secularism.
Miller، Lisa (2008). In Defense of Secularism. http://www.newsweek.com/id/112719.
USINFO.STATE.GOV (Website، 2008). What Is Democracy? http://usinfo.gov/products/pubs/whatsde.

سەرچاوە : ماڵپەری ئەمرۆ

# کوشتنی ئافرەت بە پاساوی گەڕانەوەی شەرەف.

ڤیان سلێمان



دیاردەی کوشتنی ئافرەت بە بیانوی پاراستن و گەڕانەوەی شەرەفی خێزان یان خێڵ دیاردەیەکی تایبەت نییە بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، یان مێژوویەکی دیاری کراوی هەبێت، بەڵکو لە کۆندا بە فۆرمی جیاواز و لە سەردەمی ئێستاشدا لە کۆمەڵگە نەریتی و دواکەتووەکان بە ڕێژەیەکی زیاتر ئەنجامدەدرێت.

کۆمەڵگەی کوردستانیش بەدەر نییە لەم تاوانەی، کە بە ناوی گێڕانەوەی شەرەفەوە بەرامبەر ئافرەتان ئەنجامدەدرێت، ئەویش بە هۆی ئەو بارودۆخە کارەساتبارانەی، کە بە درێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە و هاوکات لەبەر کاریگەری کلتووری نەتەوەکانی دەوروبەر و ڕۆڵی دابونەریتە کۆنەکان و بوونی ئەقڵیەتی شەرەفپارێزی وکاریگەریەکانی هەموو ئەمانە لەسەر زیهن و کردەوەکانی بەشێک لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە.

لەمرۆشدا لەبەر کارتێکرانی کۆمەڵگاکەمان بە بنەماکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان وگۆڕانکاری و پێشکەوتنە تەکنەلۆجی ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتیەکان واتە بەهۆی هۆکارەکانی جیهانگیری کۆمەڵگەی کوردستانی لە دۆخێکی گۆڕانکاری و گواستنەوەدایە لە باری پارێزگاری و پابەندبون بە داب ونەریتەکانەوە بە ئاراستەی بیری ئازاد و لیبراڵ، کە تەوژمی هێناوە و هەموو بەربەستەکانی تێکشکاندووە، لە بەرامبەردا ئاستی مێنتاڵی و کۆمەڵایەتی چینێک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەمان ئەم پێشکەوتنە وەر ناگرێت و یان وەکو پێویست نەکراوەتەوە بە ڕووی ئەو بارودۆخە جیهانیە و ئەو پێشکەتنە یەک لە دوای یەکانەی کە گەردوون پیایدا تێپەڕ دەبێت.

بێگومان کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە ئافرەتانیشی بە مافە هەمەلایەنەکانیان ئاشناکردووەو کار کردنی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش بەم ئاراستەیەدا زیاتر هۆشیاری داوەتە ئافرەت و وایکردووە، کە هەژمونی پیاوسالاری هێزی جارانی نەمێنێ و لە ترسی نەمانی ئەم هێزەش ئەو ئەقڵیەتی پیاوسالاریە پەنا دەباتە بەر ڕێگە گرتن لەوەی ئافرەت وەکو مرۆڤێکی ئازاد ژیانی خۆی ئاراستە بکات.

بۆیە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی تا دەگاتە ئەوپەڕی ئاست کە کوشتنی ئافرەتە بە پاساوی کڕینەوەی شەرەف و ئابڕوو.

بوونی ئەقڵیەتی شەرەفپارێزیش، کە لە ئەقڵیەتی پیاوسالاریەوە سەرچاوە دەگرێت فاکتەری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم تاوانەیە، کە بەرهەمی هەژمونی ڕەهای ئابووری و کۆمەڵایەتی سەدان ساڵەی پیاوە لە کۆمەڵگەدا ، ئەمەش لەبەرئەوەی پیاو ئافرەت بە موڵکی خۆی دەزانێت و پەروەردەی خێزانیش ڕۆڵی هەیە لەم بە کۆیلە کردنەی ئافرەت چونکە هەر لە بنەڕەتەوە جیاوازی دەکرێت لە نێوان منداڵی کچ و کوڕ لە خێزاندا و ئەم پەروەردەیەش لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکان گەورە دەبێت و گەشە دەکات.

ئەم تاوانە، کە کوشتنێکی نەخشە بۆ کێشراوە بە مەبەستی گێڕانەوەی شەرەفی خێزان هەژموونی پیاو لە خێزاندا توندتر دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ لای ئافرەتانی تری خێزان و کۆمەڵگە ئەمە وێڕای ئەوەی کە منداڵ بە تایبەتی ئەوانەی کە دایکیان بەم هۆیەوە لە دەست دەدەن کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر دروست دەبێت و کار دەکاتە سەر گەشەی زیهنی و باری دەرونی و بنیاتی کەسێتیان هەروەها مۆدێلێکی خراپی ڕۆڵی باوکیان پیشان دەدات.

خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایدا حکومەتی هەرێم هەنگاوی گەورەی ناوە بە ئاراستەی ڕێگری کردن لەم تاوانە و هەروەها هەموو جۆرەکانی تری توندوتیژی بەکارهاتوو دژی ئافرەت بە شێوەیەک کە ئەم پرسە چووەتە ناو ئەجینداى سیاسی کاری حکومەتەوە، ئەمانە هەنگاوی ئیجابین و کاردانەوەیان داناوە لەسەر بارودۆخی ئافرەت، بەڵام ئەوەتا بە تەواوی نەتوانراوە بەر بەم تاوانە بگیرێت، . چونکە دیاردەکە ڕەگ و ڕیشەی قوڵی هەیە و پەیوەندی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکەوە هەیە چونکە مرۆڤ زادەی ژینگەکەیەتی و ئەوە ژینگەی مرۆڤە کە بیر و بۆچونەکانی دروست دەکەن و کردەوەکانی ئاراستە دەکەن نۆرم و کلتوری کۆمەڵگە کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی پێوەرەکان و هەندێکجار تاک لە ژێر پەستانی کۆمەڵایەتی ئەم تاوانە ئەنجامدەدات.



هەروەکو (ژان ژاک ڕۆسۆ) دەڵێت: (مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتی و سەرەتاییانەی خۆیدا لە هەموو کاتێک نەرمترە، ئەوە کۆمەڵگەیە، کە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی شەڕانی و توندڕەو).

پێویستە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی ڕێ بەم تاوانە بگیرێت و هیچیتر ئافرەتان نەبنە قوربانی ئەقڵیەتی شەرەفپارێزی پێویستە دووبارە لێکدانەوە بۆ چەمکی شەرەف بکرێت و شەرەف لە جەستەی مێ بکرێتەوە و ببەسترێتەوە بە بەها مرۆییەکان، چونکە شەرەف تایبەت نییە بە پیاوەوە، بەڵکو هی ئافرەتیشە و ئافرەتیش شەرەفی خۆی هەیە و بەرپرسە لە کردەوەکانی خۆی.

پێویستە ئەم پرسە بکرێت بە پرسێکی کۆمەڵگەیی و کۆمەڵگە وشیار بکرێتەوە لە مەترسیەکانی ئەم دیاردەیە، کاتی ئەوە هاتووە بە تەواوی کلتوری ژنکوژی ڕەتبکرێتەوە و کۆمەڵگەی کوردی لەو دیاردە قێزەونە داماڵرێت و ژن ببێتە ئینسانێکی ئازاد و خاوەن ئیرادە.

چونکە کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی کلتورێکی جوان و مرۆڤ دۆستانەیە و هەموو کاتێک کورد بەوە ناسراوە کە گەلێکی ئازادیخواز و ژیان دۆستە و بێگومان ئازادیش بەبێ ئازادی ژن بەرقەرار نابێت ژنی کوردیش هەمیشە توانیویەتی ئەو ئازادیەی بە جوانی و شایستەیی بەرجەستە بکات.

با لە پێش یاسا کۆمەڵگە، نەفرەت لە ژن کوژەکان بکات تا کۆ دەنگیەکی کۆمەڵایەتی دروستببێت دژی ئەم دیاردەیە و چیتر ئافرەت نەبێتە قوربانی ئەقلیەتی شەرەفپارێزی.

سەرچاوە : ماڵپەری ئەمرۆ

================================================================================

# بۆچی ئەردۆغان ئاشتی لەگەڵ پەکەکەی دەوێ؟



کۆتایی شۆرشێک

ئێف. ستێفان لارێبی
لە ئینگلیزییەوە: کەریم محەممەدی

هەفتەی رابردوو [ئەم راپۆرتە لە هەفتەی دووەمی نەورۆز بڵاو کراوەتەوە. و] عەبدوڵڵا ئۆجالان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاگربڕی لە نێو پارتەکەیدا کە نزیکی سێ دەیەیە خەریکی تێکۆشان لە دژی دەوڵەتی تورکیایە، راگەیاند. پێش ئەوە، شۆرشێک – کە دەگوترێ نزیکی ٤٠٠٠٠ کەسی تێدا کوژراوە – بەهێز و پتەو دەهاتە بەرچاو. هەوڵەکانی ئانکارا بۆ لە نێو بردنی ئەو بزووتنەوەیە تەنها گەشەی بە ناسیۆنالیزمی کوردی داوە و PKK ی بەهێزتر کردووە. بەڵام لە ئێستادا وەها دێتە بەرچاو کە ئۆجالان بۆ کۆتایی هێنانێکی ئاشتیانە بە کێشەکان ئامادەیە، ئاسۆی ئەوەی کە شۆرش بەرەو کۆتایی هەنگاو دەنێ، روونترە.

راگەیەندراوەکەی ئۆجالان لە کاتێکی گونجاودا هاتە ئاواوە. چەندین هۆکار لە پێشدا لە ئارادا بوون و کەشێکی گونجاو و لەباریان بۆ ئاشتی خوڵقاندبوو.

یەکەم، پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار (AKP) و زۆربەی رای گشتیی تورکیا دانیان بەوەدا نا کە هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بەو شۆرشە بە زەبر و زەنگ، مردووە و کۆتایی پێ هاتووە و دەوڵەت دەبێ هەوڵێکی پێداگرانەی زیاتر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد بدات.

دووهەم، پرسی کوردستان پێوەندییەکی زۆور نزیکی بە زێدەخوازییەکانی سەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆغانەوە هەیە. بە پێی پەیرەو و پرۆگرامی (AKP) ئەردۆغان کاتێک کە ساڵی داهاتوو خولی

دووهەمی کۆتایی پێ بێت ناتوانێ بۆ جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران. لە باتی ئەوە، ئەردۆغان هەوڵێکی بەرچاو و بەرینی بۆ سەرکۆماری دەست پێ کردووە. ئەگەر بیباتەوە، ئەو دەبێتە یەکەم سەرکۆمار لە مێژووی تورکیادا کە بە دەنگی راستەوخۆی خەڵک هەڵبژێردراوە، هەروەها چەترێک بۆ چالاکییە سیاسییەکانی و دەرفەتێک بۆ چوارچێوەدان بە سیاسەتەکانی تورکیا تا ساڵی ٢٠٢٣، واتە سەد ساڵەی دامەزرانی کۆماری تورکیا، دەبێت.

یەکێ لە کێشەکان ئەوەیە، کە لە ئێستادا سەرکۆماری پۆستێکی زیاتر رواڵەتییە. هەر بۆیە ئەردۆغان بەشێوەیەکی روون ئامانجی خۆی بۆ سەر لەنوێ دارشتنەوەی یاسای بنەرەتیی تورکیا خستۆتە روو بۆ ئەوەی سەرکۆماری بکاتە پێگەیەکی بەرێوەبەریی بەهێزتر و دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران کەمتر بکاتەوە. AKP ئەو رێژە دەنگە پێویستەی بۆ درووست کردنی وەها گۆرانێک لە پەرلەماندا نییە. بۆ ئەو گۆرانە پێویستی بە پشتیوانیی پارتی لایەنگری کوردان، پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP)ە کە خاوەنی ٣٣ کورسیە لە پەرلەماندا. ئاشتی لەگەڵ PKK و بەڵێنی بۆ چاوپێداخشاندنەوە بە یاسای بنەرەتیدا بۆ مافی کولتووریی زیاتر بۆ کوردەکان و بەربڵاو کردنی پێناسەی هاووڵاتی بوون لە تورکیا، دەتوانێ پشتگیری پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە حکومەتی ئەردۆغان دەستەبەر بکات. لە راستیدا ئەردۆغان بۆ درووست کردنی ئەو سەرکۆمارییەی دەیەوێ، پێویستی بە سات و سەودایەکی گەورە لەگەڵ کوردەکان دەبێ. بەڵام، ئەو ئاسۆیە زۆربەی ئەو تورکانی ترساندووە کە پێیان وایە یاسایەکی بنەرەتیی نوێ لە درێژەی ئەم رەوتەدا، دەسەڵاتێکی زیادە لە پێویست لە دەستی کەسێکدا چر دەکاتەوە و ئەوەش رێگە بۆ درووست بوونی ستەمکاری خۆش دەکات.

فاکتەری کۆتایی کە دوورمەودای گەیشتن بە ئاشتیی زیاتر کردووە بریتیە لە چاوپێدا خشاندنەوەی کۆرەکانی ناو AKP سەبارەت بە رۆڵ و هەوڵدانی ئۆجالان بۆ کۆتایی هێنان بە شۆرشی PKK. لە نۆڤەمبری ٢٠١٢ دا، ئۆجالان یارمەتی بە کۆتایی هاتنی ٦٧ رۆژ مانگرتن لە خواردنی زیاتر لە ٦٠٠ کوردی زیندانی دا. کارتێکەریی کەسایەتیی ئۆجالان توانا و پێویستی بەشداری بوونی راستەوخۆی ئەوی لە هەر پرۆژەیەکی ئاشتیدا خستە روو. کەواتە ئەوە چاوەروان نەکراو نەبوو کاتێک- مانگێک دوای نێوانگیریی ئۆجالان- ئەردۆگان رایگەیاند کە دەست پێکردنی دانووستانە سەرەتاییەکان لەگەڵ ئۆجالان بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە شۆرشی PKK یە. لە لایەن تورکیاوە، هاکان فیدان - بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی تورکیا و کەسی جێگەی متمانەی ئەردۆغان- وتووێژەکان بەرێوە دەبات. ئەو و ئۆجالان فۆکووسیان لەسەر هێنانە ئارای نەخشە رێگایەکی ستراتیژێک بۆ رێکەوتنی ئاشتی کردووە.

دیارە کە ئاشتی هێشتا زۆر دوورە لە رێککەوتنی کۆتاییەوە. چەندین پرس دەتوانن رەوتی ئاشتی تێک بدەن. بۆ نموونە پرسیاری لێبوردنی گشتی دەتوانێ هەندێک کێشە ساز بکات. زۆربەی گرووپە کوردەکان _ و خودی ئۆجالانیش – پێداگری دەکەن کە وەک بەشێک لە هەر رێککەوتنێک، لێبوردنی گشتی بۆ خەباتکارانی PKK دەرکرێ، بەڵام بە بروای بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی تورکیا، شۆرشگێرانی PKK تیرۆریستن و زۆر بە توندی دژی وەها بریارێکن.

سەرەرای ئەوە، ئۆجالان لەوانەیە ئاشتی بوێ و لەوانەیە کاریگەری گەورەی لە ناو PKKی تورکیادا هەبێ، بەڵام رێکخراوەکەی چی دیکە منداڵی ئەو نییە. ئەو رێکخراوە بووە بە تەڤگەرێکی بان نەتەوەیی بە کۆمەڵێک رایەڵە و تان و پۆوە لە هەموو ناوچەکەدا. هەموو ئەمانە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو( ئۆجالان) نین. تەنانەت ئەگەر ئۆجالان بتوانێ بەشێکی بەرچاو لە PKK بۆ پشتگیری کردنی رێکەوتنی ئاشتی هان بدات، لەوانەیە بەشێک لە گرووپە ناسیۆنالیستە سەرسەختەکان مەیلێکیان بۆ دانانی چەکەکانیان نەبێت. لە دوای هەموو ئەمانە، بەشێک لە فەرماندەرانی PKK هیچ داهاتوویەک بۆ خۆیان لە دەرەوەی خەباتی چەکداری نابینن.

ئاڵووگۆرەکانی ناوچەکەش دانووستانەکانی ئاشتیان ئاڵۆزتر کردووە. لە سووریا، لە جوولای ٢٠١٢ دا، کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە 5 شاری زۆرینە کوردنشین لە درێژایی سنووری نێوان سووریا و تورکیادا، بۆشاییەکی سیاسی ساز کرد کە پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (PYD) – کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ PKK هەیە- بە خێرایی پڕی کردەوە. ئەو خێرایی و ساناییەی کە (PYD) توانی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکات، ئەو گومانەی لای تورکیا ساز کرد کە ئەسەد لەوانەیە بە شێوەی هاوئاهەنگ پاشەکشەی کردبێت بۆ ئەوەی PKK لە دژی تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنی زۆرینە سوننەی سووریا بەهێز بکات. ئێستا بەرپرسانی تورکیا لەوە نیگەرانن کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (PYD) ببێتە بناغەیەک بۆ هێرشەکانی PKK لە دژی خاک و هێزە چەکدارەکانی تورکیا. تورکیا هەرەشەی ئەوەی کردووە کە لە ئەگەری هێرشی لەو چەشنەدا دەستێوەردانی چەکداری دەبێت و هەر چەشنە ململانێیەکی لەو چەشنە دەتوانێ بە خێرایی تەشەنە بستێنێت.

لە ئێران، هاوشێوەی تورکیا، دەوڵەت لەگەڵ شۆرشگێرانی کورد رووبەرووە. ئەو تەڤگەرە لەلایەن پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)ەوە کە باڵێکە لە (PKK) بەرێوە دەبردرێ. لە رابردوودا هەرکات پێویست بووبێ تورکیا و ئێران چالاکییەکانیان هاوئاهەنگ کردووە و زانیاریان بۆ بەربەرەکانێ لە دژی هێرشەکانی PJAK و PKK گۆریوەتەوە. بەڵام پێوەندیی دوو وڵات بە هۆی سووریاوە رووی لە کزی ناوە و بۆتە هۆی لاوازیی هاوکاری هاوبەشیان و هەر ئەمەش تواناکانی تورکیای بۆ بەربەرەکانێ لە دژی هێرشەکانی PKK سنووردار کردووە. سەرەرای ئەوە، بە پێی وتەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئێران دەستی بە پشتگری شاراوە لە PKK کردووە. ئێران بەرژەوەندییەکی زۆر کەمی لە ئەگەری کۆتایی هاتن بە شۆرشی PKK هەیە، چونکە ئێران یەکێک لە سەرەکی ترین کارتەکانی بۆ گوشار خستنە سەر تورکیە لە دەست دەدات.

ئەو گۆرانە سیاسییەی ئێران سەبارەت بە PKK هاوکاتە لەگەڵ خراپ بوونی پێوەندییەکانی ئانکارا لەگەڵ دەوڵەتی مالیکی لە بەغدا. تورکیا مالیکی وەک بووکەڵەیەکی دەستی ئێران دەبینی و هەر بۆیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئاداری ٢٠١٠ لە عێراق، پشتگیری لە دژبەرەکەی مالیکی، ئەیاد عەلاوی، کرد. لە دوای هەڵبژاردنەوە مالیکی بە بەردەوامی بەدوای پتەو کردنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر دامەزراوە سیاسییەکانی عێراق، بە تایبەت پۆلیس و دەزگاکانی هەواڵگرییەوە بووە و رۆڵ و کارتێکەریی سۆننە و کوردەکانی بەرتەسک کردۆتەوە. تورکەکان لەوە دەترسن کە ئەم کردەوانە ببێتە هۆی ململانێی تایفی کە لە ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ عێراقی هەژاند و لەوانەیە ببێتە هۆی لێک هەڵوەشانەوەی عێراق و کوردەکان لە باکووری عێراق بە تەواوی بە سەربەخۆیی بگەن. ئەو پەرەسەندنانە، هیوا و ویستی وتووێژ بۆ کۆتایی هێنان بە شۆرشی PKK زیاتر دەکەن.

بەڵام گرینگترین گۆرانی ستراتژێک کە رووی داوە، پێوەندیی روو لەگەشەی تورکیا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) لە باکووری عێراق بووە. لەدوای روودانی شەڕی کەنداو لە ١٩٩٠-٩١، تورکیا ئامادە نەبوو پیوەندیی فەرمیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت، لە ترسی ئەوەی کە ئەو پێوەندییە شەرعییەت بەو حکوومەتە دەدات و پێک هاتنی دەوڵەتێکی سەبەخۆی کوردی لە سنوورەکانی باشووری تورکیا خێراتر دەکات. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ وە هەردوولا دانیان بەوەدا ناوە کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە. سەرەتا ئەوەیکە ئابوورییەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو پێکەوە گرێدراوە. نزیک بە ٨٠%ی کەلووپەلە فرۆشراوەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تورکیا بەرهەم هێنراوە. نزیک بە ١٢٠٠ کۆمپانیای تورکی ئێستا لە باکووری عێراق( زۆربەیان لە کەرتی بیناسازی و هەورەها لە دەرهێنانی نەوتدا ) کار دەکەن.

وزە، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی باش بوونی پێوەندییەکانی هەردوولایە. حکومەتی ئەردۆغان لە جوولای ٢٠١٢ دا سەرەرای دژایەتیی بەغدا، بریاریدا بە شێوەی راستەوخۆ نەوتی خاو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە بکات و وتوێژەکان بۆ راکێشانی بۆرییەکی گاز و دوو بۆریی نەوت راستەوخۆ لە رێگای کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کوردەکان لە باکووری عێراق، بەردەوامە. پێشتر ئانکارا بەدوای

ئەوەوە بوو کە لەو ناوچەیە پێشی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سەرچاوەکانی وزە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بگرێ، لەبەر ترسی ئەوەی کە نەوت دەتوانێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەهێزتر بکات. بەڵام لە ئێستادا تورکیا هیوادارە لە هاوکاری کردن لە بەشی وزەدا وەک پاڵنەرێک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرکوت کردنی پێگەکانی PKK لە باکووری عێراق، کەڵک وەرگرێ.

لەگەڵ هەموو ئەم ئاڵووگۆڕە ناوخۆیی و ناوچەییانەدا، هێشتا ئاسۆی ڕێکەوتنێکی ئاشتی کە دڵخوازی PKK بێ، زۆر ڕوون نییە. وتووێژەکان هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتایی خۆیاندان. سەرەڕای ئەمانە، ئەم وتووێژانە گرینگترین هەوڵە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڕشی PKK هاتۆتە ئاوارە. ئەگەر ئەوان سەربکەون، گرینگترین بەربەستی تەناهیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لادەبەن و دبنە هۆکاری سەقامگیریی دیموکراسی لە تورکیا. کۆتایی هێنان بەو شۆڕشە هەروەها هێزێکی زیاتر بە تورکیا دەدات یا ڕۆڵی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بگێڕێت. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە هۆی ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەی پێدرا دەبێ پشتگیریی وتوێژەکان بکات، هەرچەندە لە ئێستادا ئاسۆی ئاشتی زۆریش ڕوون و دیار نییە.

# کورتەباسێک لەسەر ڕەمزی سەرکەوتنی بیری سەربەخۆییخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



د. کامران ئەمینئاوە
(گەڵاڵەی مەسەلە)

ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەتیی و بلوکی سوسیالیستیی لە ڕۆژهەڵاتی ئوروپا و سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی تازە و سەربەخۆ، ڕووخانی دەوڵەتی بەعسی سوسیالیستی عێراق و پێکهاتنی دەوڵەتی نیوەسەربەخۆی باشوری کوردستان،
پێکهاتنی دەوڵەتی دیموکراتیکی تەیمور و باشوری سودان، ویستیی سەربەخۆیی لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و قەیرانی نەتەوەیی بلژیک لە ئوروپای یەکگرتوودا، هەروەها قەبوڵی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی سکاتلەند لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە، نزیکبوونەوەی پەیتا پەیتای فلستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هتد... کۆمەڵگای جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێکی گەورە و سەرنج ڕاکێش کردووە. لەم بارودۆخەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ئەرکی ئەوانەی کە لە خەمی پچڕاندنی تەوقی کۆیلەتی نەتەوەیی کورددان و تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاریی و بە دەوڵەتبوونی کورد و دامەزراندنی کیانی سەربەخۆیی کوردستانن چییە؟ لە نێو ئەم گێژاوە نالەبارە سیاسییەدا کە بەشێک لە ڕووناکبیران و زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە پاش کۆماری کوردستانەوە، ستراتیژیی کۆمار و بزووتنەوەکانی پێش کۆماریان وەلا ناو و بە دوای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران کەوتوون، ئەرکی سەرەکیی کوردی سەربەخۆییخواز چییە و پێویستە لەم پێناوەدا بە چ مکانیزمێکەوە بێتە نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە.ئایا دانی دروشمی سەربەخۆیی بە تەنیایی دەتوانی ببیتە هۆی کۆکردنەوەی خەڵکی ئاسایی، ڕوناکبیر و خوێندەواری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە پێویستە وڵامیان بدرێتەوە. بەڵام پێش هەرشتێک پێویستە نەتەوەخوازی کورد لە پلەی یەکەمدا خۆی پێناسە بکا و سنووری هاوکاریی و جیاوازیی خۆی بە پێی ئامانجی کورد لەگەڵ هێزە سەراسەریی و نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای سیاسیی ئێران و پاشان ئەو حیزب، ڕێکخراوەو کەسایەتییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەرژەوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات لە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەبیننەوە، ڕوونکاتەوە.یەکێک لە خاڵە گرینگەکان، ڕوونکردنەوەی ستراتیژیی و ئامانجی سەرەکیی کوردە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئێران، حیزبی دیموکرات لە ژێر کاریگەریی بیری چەپ و حیزبی توودەی ئێران، بەو هیوایە، کە بوون لە ڕیزی چەپی ئێران و دامەزراندنی سوسیالیسم و پاشان سوسیالیسمیدیموکراتیک دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان بێنێ دروشمی خودمختاری بۆ کوردستان و دیموکراسیی بۆ ئێرانی کرد بە دروشمی سەرەکیی ئەم حیزبە(لە کۆنفرانسی سێهەمی ئەو حیزبەوە، بە ڕاسپاردەی ئیرەج ئەسکەندەری سکرتێری ئەو کاتی حیزبی توودە). هاوکات کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش کە پاش ڕووخانی شا، بوو بە پێکهاتەیەکی سیاسیی لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ ئەوەدا کە پێی لە سەر جیاوازیی ئایدۆلۆژیا و پێگەی چینایەتی خۆی لە گەڵ حیزبی دێموکڕات دادەگرت، بەڵام لە پرسی نەتەوایەتیی و کێشەی کورددا، هەر خاوەنی هەمان دروشم و ستراتێژیی بوو، ئەوەش هیچ لە ناوەرۆکی مەسەلەکەی نەدەگۆڕی کە ئامانج و ستراتیژیی هەر خودموختارییەکە بوو. بەم چەشنە ئەو دوو لایەنە هەر کام بە پێی توانا و نفوزی خۆیان لە کۆمەڵگای ئەو دەمی کوردستان، یەکیان لە ناو کۆنسێپتی دێموکڕاسیی ئێڕانیی و ئەوی دیکەیان لە ناو کۆنسێپتی پرۆلیتاریزە کردنی پرسی کورد توانیان ستراتیژیی کۆمار و بزووتنەوەکەی سمکۆ و بەر لەویش شێخ عوبەیدەڵڵای نەهری کە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد دادەنرێ، بە دەستی فەرامۆشی بسپێرن و مەتەڵی خودموختاریی بئاخنە مێشک و دڵی ئەو بەرە لە ئینسانی کورد کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ جیاوازیی زەمانیان لە گەڵ دەوڵەتی کۆماری کوردستان هەبوو. لە خۆڕا نەبوو کە هەزاران ئینسانی کورد، چ لە ڕیزی حیزبی کوردییدا و چ لە ڕیزی حیزبی سەراسەرییدا، لە گەڵ ئەوەیدا دەیانبینی چۆن لەشکری تاران وەڵاتەکەیان بەر هێرش دەدا کەچی شانازیان بە ئێرانیبوونی خۆیان دەکرد و خۆیان بە پاراستنی تەواویەتیی ئەرزیی ئێران بەرعۆدە دەزانی و بە دوای دامەزراندنی دێموکراسیی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان کەوتبوون و لەم پێناوەشدا هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانی لە پێناو ئەو ستراتیژییەدا بەخت کرد. ئێستاش بەشێکی بەرچاوی هیزە کوردییەکان بە پێشکێشانی فیدرالیسم لە ئێران بە شوێن دیتنەوەی ڕێ و شوێنێک بۆ هاوکاریی لەگەڵ هێزە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و سەڵماندنی ئەم مەسەلەیە کەوتوون کە کورد هەرچەند نەتەوەیەکە، بەڵام جیاییخواز نی یە و بەرژەوەندیی خۆی لە بوون لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێتەوە.بەڵام هەر لەو کاتەشدا کاتێ ڕوو لە خەڵکەکەی خۆیان واتە خەڵکی کوردستان دەکەن، ڕادەگەینن کە کورد مافی چارەنوسی خۆشی هەیە. لەم بازنەیەدا کاری سەربەخۆییخوازی کورد کارێکی ساکار نی یە و پیویستە لە چەند بەرەدا درێژە بە خەباتی خۆی بۆ سەڵماندنی ئەم بیرە بدات:

یەکەم، خەبات بۆ سەڵماندنی ئەم مەسەلەیە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان، ناوچە و کوردستاندا دیاریکردنی ستراتیژیی سەربەخۆیی و کار و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی دەوڵەت و سەروەریی سیاسیی بۆ کورد تەنیا ستراتیژیی و بزاوت و خەباتی دروست و ڕاستەقینەی ئێستای کوردی ڕۆژهەڵاتە کە پتانسیەلی جەماوەریی کردنییشی هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا کاتێک ڕەنگدەداتەوە، کە ئەم ڕەوتە بتوانێ بە خوێندنەوەیەکی نوێ و دروست لە هەلوومەرجی ئەمڕۆی جیهان، ناوچە و کوردستان، هەروەها ڕامیارییەکی بەهێز، دروشمی شیاو و کۆکردنەوەێ هێزە فکریی و مادییەکانی خۆی و یەکگرتنی هەموو ئەو

ئاڵقانەی خۆیان لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا دەبینەوە، کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات هەبێ و بتوانێ وەک هێزێکی سەرەکیی و پێشکەوتنخوازی دادپەروەر، بیرو سەرنجی خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیرانی کورد بەرەو خۆی ڕاکێشێ و ڕۆڵێکی جیدی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕێ. لە لایەکیتریشەوە بیسەلمێنێ کە بەرژەوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات لە موکریانەوە تا دێهڵۆران بە تەواوی توێژو چین و ئایینەکانییەوە نە لە ستراتیژیی دێموکراتیزەکردنی ئیران بەڵکوو لە دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی و سەروەری سیاسیی کورد و دامەزراندنی دێموکراسیی کوردیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌دایە و ئیتر کاتی ئەوە گەیشتووە کە ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جێگای هەوڵدان بۆ دیاڵۆگ لەگەڵ نوێنەرانی گشتخوازی ئێرانی لە شاپەرەستەوە تا ئەوانەی کە کاتی خۆی دەستیان لە سەرکووتکردن و کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد دابووە و ئێستا دوای زیزبوونیان لە کوماری ئیسلامیی هاتوونەتە ڕیزی بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ ئیسلاحکردنی نیزام، تێبکۆشن ئەم هێزە بۆ یەکگرتوویی هێزەکانی کورد لە پێناوەی پێکهێنانی سەروەریی و کیانی کورد تەرخان بکەن.

بەرەی دووهەم ململانەی فیکریی -سیاسیی لەگەڵ هێزە فیدارلیی‌خوازەکانی کوردە کە بە پێیێ خوێندنەوەی خۆیان لە بارودوخی ئێستای کورد و جیهان، هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزو قووەتی کورد لە بەراوەرد لەگەڵ هێزەکانی نەکوردی ئێران یاخود بە پێی باوەڕیان بە دابین‌بوونی مافەکان و بەرژەوەندیی کورد لەچوارچێوەی ئێرانێکی فیدرال دا سەرەرای بە ڕەوازانینی مافی‌چارەنووسی کورد، هێنانەگۆڕێی دروشمی سەربەخۆیی بە نادروست لە قەڵەم دەدەن و لایەنگری کۆمەڵگایەکی فیدرالن و رایدەگەیەنن کە یەکێتیی ئێرانیان بۆ گرینگە. ئەوان لەم باوەرەدان هەبوونی ئێرانێکی ئازاد و فیدراڵ دەتوانێ بارودۆخی پێویست بۆ گەشەکردنی ئابووریی، فەرهەنگیی و سیاسیی لە کوردستان و بەشداریی کورد لە دەستەڵاتی سیاسیی ئێران پێک‌بێنێ. بۆ سەربەخۆیی‌خوازی کورد خەباتی فیکریی لەگەڵ ئەم لایەنە کارێکی ساکار نیە، ئەوە پێویستیی بە کارێکی بە هێزی فیکریی و درێژخایەن هەیە تا بتوانێ بیرو هەستی سەربەخۆیی‌خوازیی لە نێو ڕیزی ئەو هێزانەشدا بە قووەت بکات و بەو قەناعەتەیان بگەیەنێ کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی بە چەپ و ڕاستییەوە لە باشترین حاڵەتەدا تەنیا مافێکی بەرتەسکی فەرهەنگیی و ئیداریی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەرزیی ئێرانی یەکگرتودا بەڕەوا دەبینێ و ئەمە دەبێتە هۆی وەپاش کەوتنی ڕەوتی ئاگایی نەتەوەیی و بەرهەلستکاریی بۆ گەیشتنی خەڵکی کورد و بەشێک لە نوخبەکانیی بەم ڕاستییە کە مەسەڵەی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچیوەی ئێراندا مسۆگەر ناکرێ. ئەزموونی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و کێشەی بەردەوامی لەگەڵ بەغداد لە وڵاتێک کە کورد لەباری چەندایەتیی و چۆنیایەتییەوە قورسایەتییەکی بەرچاوی لە بازنەی سیاسی و بریاردان‌دا هەیە، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندا، کورد بە حەشیمەتی ئێستایەوە، ناتوانێ ڕۆڵێکی وەها بۆ دابین‌کردنی کیان و سەروەریی خۆی لەم وڵاتەدا بگێرێ و بە ئاوات و ئامانجەکانی بگات. هێرشەکانی ئەم دوایانەی هێز و کەسایەتییەکانی چەپ و ڕاستی گشتخوازی ئێرانی بە دوو حیزبی فیدرالخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێشاندەری شکستی ئەم چەشنە بیرە لە نێو کوردی ڕۆژهەڵات و نەبوونی دەرفەت تەنانەت بۆ گەیشتن بە سیاسەت و زمانی هاوبەش لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی گشتخوازی ئێرانی یە.

لە بەرەی سێهەمدا دوو لای ڕاست و چەپ بە دوو بیری جیاوازەوە، بەڵام ئاکامێکی یکسانەوە هەیە. لایەکی بریتیی یە لە لایەنگرانی "نەتەوەی ئێران و ئومەتی ئێران" کە لە باشترین حاڵەتدا بەم باوەرەن کە قەومگەلێک بە زمان و ئایینی جیاوازەوە لە ئێران هەن و بەهۆی ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشیان مەسەلەی نەتەوەیی‌یان نیە و نابێ. لای دووهەم، بەشێک لە هێزە چەپەکانی کورد و سەراسەرییە کە سەرەرای باوەر بەبوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێران و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان، بە هۆی باوەر بە چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای سوسیالیسمدا، هەر چەشنە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیی‌خوازانە بە دوژمنی چینی کرێکار و شۆرشی سوسیالیستیی دادەنێن و جیایی نەتەوەیی لە بیر دەبەنەوە. ئەم هێزانە لە ڕۆژهەڵاتی کورستان دا لەوەناچێ لە داهاتوودا کاریگەیی یەکی وەهایان لە سەر بزوتنەوەی کورد هەبێ، بەڵام وەک فیکرێک هەن و پیویستە لەبەرچاو بگیرێن.

مەسەلەیەکی دیکە کە سەربەخۆیی‌خوازی کورد دەبێ لە ئێستاوە لەبەرچاوی بگرێ، ناکۆکیی ئەرزیی لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەریی و بە تایبەتیی ئازەرییەکانە. لەم ڕەوتەدا دیتنەوەی زمانی هاوبەش لەگەڵ نوێنەرە فیکریی و سیاسییەکانی ئازەریی و پێکهێنانی بەرەی هاوبەش لەگەڵ ئەوان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە خەباتی سەربەخۆیی‌خوازانەی نەتەوە بن‌دەستەکان و پێشگیریی لە شەر و ناکۆکی ئەوان بگێرێ. لە لایەکی دیکەوە پێویستە سەربەخۆیی‌خوازی کورد لە هێرش‌بردن بۆ نەتەوەکانی دیکە وەک فارس و تورک و هتد ... وەک نەتەوە پارێز بکات و ڕووی نووکی هێرشی بەرەوە ڕەگەزپەرەستەکانی ئەو نەتەوانە بێ و سنووری خەبات لە دژی ڕەگەزپەرەستان و تەواوخوازان لەگەڵ نەتەوەکان تێکەڵ نەکا.

هەروەها هێزی سەربەخۆیی‌خوازی کورد، ئەرکێکی قورسی دیکەشی لە ئەستۆیە کە بریتیی‌یە لە روونکردنەوەی مانا و چەمکی دێموکڕاسیی و پێوەندیی بە پرسی نەتەوایەتیی یەوە. ئەمرۆ وشەی دێموکراسیی وەها جیهان پەسند بووە کە تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش خۆیانی پێ ڕەنگ دەکەن. شۆڤێنیستەکانی نەتەوە سەردەستەکان، هەوڵ دەدەن، پرسی کورد کە پرسی نەتەوایەتیی و نیشتمان و سنوور و سەروەریی سیاسییە، بخەنە ناو کۆنسێپتی دێموکڕاسیی خۆیانەوە کە بەو پێیەش ، کورد لە هەموو ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژی هەر لە کەمایەتیدا دەمێنێتەوە. هەروەها ڕەوتی ڕێفۆرمیستیی بزووتنەوەی کوردیش، لە هاوکێشەی نەتەوەیی و دێموکراسیی سەرانسەریی دا بەردەوام لە سەر حیسابی نەتەوایەتیی، بۆ ئەو دێموکراسیخوازیەی داشکاندوە؛ تا جێگایەک کە ئەو ڕەوتە بەرە بەرە چووەتە ژێر باری تێرمی بێ مانای بە قەوم ناوبردنی کورد و مل کەچ کردن بۆ هەموو کەس و تاقمێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بەشداریی بێ شەرت و مەرج لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی بێ کەڵک بۆ کورد تەنیا بە فیکەی کەس و تاقمی وا . بیرمەندانی چەمکی دێموکراسیی هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا سەردەمی هاوچەرخ، هەر کات باسیان لە دێموکراسیی کردوە، مەبەستیان چوارچێوەیەکی دیاریکراو بووە؛ سەردەمێک لە دەوڵەت شارێک و پاشان لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەیەکدا.هێز و ڕەوتی نەتەوەیی سەربەخۆیی‌خواز پێویستە، ئەوە لە ناو کوردا روون بکاتەوە و جێی بخا، کە دێموکراسیی لای کورد ئەو کاتەی لە پێوەندیی لە گەڵ نەتەوەی سەردەست و حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی دا دێتە گۆڕێ، بەر لە هەموو شتێ بریتیی‌یە لە مافی دیارییکردنی چارەنووسی سیاسیی، مافی بە دەوڵەت بوون، مافی جیابوونەوە، مافی هەبوونی بەرابەریی سیاسیی و حقوقیی لە گەڵ هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان. ئەو کاتەش کە بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و کۆمەڵگای کورد دێتە گۆڕێ، یانی پابەندیی بە هەموو یاسا و ڕێسا دێموکراتیکەکان چ بۆ تاک و چ بۆ گرووپ و چ بۆ هەر کەمایەتییەکی سیاسیی، ئەتنیکیی، دینییو سیاسیی لە چوارچێوەی کیانی نەتەوایەتیدا.

بەم پێ یە خەبات بۆ سەربەخۆیی، پێویستیی بە تێکۆشانی چڕ و ماندوویی نەناسانە و کاری درێژخایەنی هەڵگرانی ئەم بیر و ستراتیژیی یە و هەوڵ دان بۆ ئەوڕۆیی‌کردنی ئەم دروشمە و بردنی بۆ ناو خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەی ئەوان لە دەوری ئەم ئامانجە هەیە.


ئەمرۆ چ لە نیو ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە تاراوگەدا پتانسیەلی پێویست بۆ بە هێزکردن و پەرەپێدانی ئەم بیرو رەوتە هەیە.بەڵام هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، هەڵگرانی ئەم رەوت و گوتارە دەبێ، لە پرژو بڵاویی و دوورەپەرێزیی بێنە دەرەوە و روو لە یەکگرتن و یەکخستنی توانا فکریی و سیاسییەکانی خۆی بکا و هەموو لە دەوری دروشم و گوتاری سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوونی کوردستان کۆ ببنەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری پارتی ئازادی کوردستان

٧ی ژانویەی ٢٠١٣

# ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئێران

د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی



[بەشی دووەم] [لە ١٣٢٠ـەوە تا سەرەتای ١٣٢٦]

قـازی محەممەد لـە ئاست موخالفـان بـە تـابوشت (Tolerance) و بوردبـار بـوو. بەداخـەوە ئێمەی لـەخۆبایی، ئێستاش تـابوشتی ڕەفتـاری وا شارستانیانە و دیموکراتیک لە خۆدا نـابینین. نـاتوانین جیـابیر تەحەمول بکـەین. قـازی محەممەد سەد سال پێش زەمـانی خۆی لـەنێو کوردانـدا هەڵکەوتبوو.

د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

### ١- بووژانەوەی نەتەوەخوازیی گەلان لە ئێران

ڕەزاشا و لایەنگرانی بە دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەی تـایبەت بە گەلێک لە ئێران، ڕواڵەتی پێناسەی کۆمەڵایەتی گەلانی ئێرانیان شیواند و لە ڕاستییەکانی مێژوو لایانـدا. بەر لە ڕەزاشـا، کەس بەرگری لە پێناسە، داب و نەریت و زمانی گەلانی نە فارسی ئێرانـی نەدەکرد. بەڵام دەوڵـەتی نوێ لـەو بـارەوە قەدەغـە و قـۆرغی دانـا و گەلانی نەفارسی ئێرانی دژ بەم ڕەوتە هاندا. ئەو پرۆژە یە بە پێچەوانـەی ویستی دەوڵـەت، بـوو بـەهۆی بووژانـەوەی نەتـەوەخوازیی گەلانی غەیری فارس بەتایبەت گەلی کورد لە ئێران.



قازی محەممەد و ئەندامانی کابینەی کۆمار

### ٢- دەرەتانێک بۆ نەتەوەخوازیی گەلی کورد

لاچوونی ڕەزاشا دەرەتـانێک بـوو بـۆ ڕزگـاریی گـەلی کـورد لـە زوڵـم و زۆری کاربەدەستانی ڕێـژیم و پێناسـەی نەتەوایـەتی داسەپاو. لەدوای هێرشی هێزی سۆڤیەت، نیزامی و ژاندارمەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ناوچە کوردییەکان ڕایانکرد. دەتگـوت لەشکری بێگانـەن وەڵات چۆل دەکەن! خەڵکیش بەو ڕاکردنەیان خۆشحاڵ بوون. بۆ وا بوو؟ بەڵام پاوانخواز و ڕەگەزپەرست و داگیرکەران ئەو پرسیارانە لە خۆ ناکەن!

[بـۆ نموونـە کاتێک هێزی پادگـانی سەردەشت وەڕێکـەوتبوون تـا خۆیـان بگەیەننـە مەهاباد (لـەوێوە بگەڕێنـەوە وەڵاتـی خۆیـان)، دانیشتوانی دەوروبەری ڕێگایە زۆر بە سووکایەتی چاویان لێکردبوون! دەیانگوت فەرماندەیەکی ڕووسـان - کە ئـەوکات لـە مەهاباد بـوو- بە فەرمانـدەی هێزە ڕاکردووەکەی پادگـانی سەردەشتێی گوتبوو: ئێوە باشترە لە خۆ بپرسن، لەگەڵ ئەو خەڵکە چۆنتان ڕەفتار کردووە کە ئەوان لەو لێقەومانەدا وا چاوتـان لێدەکەن؟ بەڵام قـازی محەممەد زۆر بە حورمەت و ڕووخۆشییەوە هەڵاتووەکانی وەرگرتن و بۆ گەڕانـەوە بۆلای مەڵبەندی خۆیان، یاریدە و یارمەتی دان. ن.]

لە مەڵبەندی مەهاباد هێزی سۆڤیەت بەرگری لە گەڕانەوەی ژاندارم و نیزامی دەسەڵاتی ناوەنـدی دەکـرد. ئـەوان بێزاریـی خـەڵکیان لـە ڕەفتـاری کاربەدەستانی ڕێژیمی پەهلەوی دیبوو، بۆیە لە گەڕانـەوەیان بەرگری دەکردن. ئەو هەڵویستەی ڕووسان بۆ هەڵسووڕانی نەتەوەخوازانەی گەلی کورد لە ئێران دەرەتانێک بوو.

### ٣- دامەزراندنی دەسەڵاتی نێوخۆیی کورد

بەو چەشنە مەهاباد بێ حکومەت مایەوە. بەڵام دێهات وەک دەوری بەر لە ڕەزاشا، دیسانیش کەوتنەوە ژێر "دەسەڵاتی عاشیرەتی". عەشایر لە خودایان دەویست دەوڵەت لێیان بگەڕێ و ئـەوان بە مەیلی خۆیـان هەڵسووڕێن و دەرەبەگایەتی بکەن. بەڵام ئەگەر شار بێ دەسەڵات بیا، دەرفەتێک دەبوو بۆ عەشایر کە شار تاڵان بکەن. دەسەڵاتی میرە کوردەکان- لەدوای زاڵبوونی ئیسلام (لە سەدەی ٧) کە تـا سەدەی ١٩ی خایاند- لەو پێویستیانەدا پێکهاتبوون.[١]

عەشیرەتی لای باشوور و ڕۆژئاوای مەهاباد (مەنگوڕ) کە شاریان بێ دەسەڵات دی، لە فکری تاڵان کەوتن. بەڵام قازی محەممەد بە کردەوە زۆر زوو بۆشایی نەبوونی حکومەتی لە شار پڕکـردەوە. ئـەو چەشنێکی لە دەسەڵاتی خەڵکی لە مەهاباد پێکەوەنا. دەکرێ بڵێین لەدوای لاچوونی ڕەزاشا، مەهاباد بە هیممەتی قازی محەممەد و هاوکاریی خەڵک، بە کردەوە (de facto) خاوەنی دەسەڵاتی نێوخۆیی بوو.

ئەو کەسانەی دەستیان دەڕۆیی یان بە هەر هۆیەک نەیاندەویست بۆخۆیان چەک هەڵبگرن و بچنە ڕێکی هێزی دابینکردنی هێمنایەتی و بەرگری لە تاڵان، بە ویستی خۆیـان یارمەتی ماڵییـان دەدا. ئـەو ڕەوتـە چەشنێک بیری دەسەڵاتی ناوچەیی لە بواری دیموکراسی وەگەڕخستبوو. ئەوەش بە کردەوە هەوەڵ ئەزموونی بەدەستەوەگرتنی چارەنووس - وەک بەرهـەمی نەتـەوەخوازیی کـورد- لـە ئیران بـوو. بـەو هەڵسووڕانە هێمنایەتی شار دابین کرا. بەڵام لایەنێکیش هەوڵیان دەدا تـاران حاکم بۆ شار دابنێ. تـارانیش چەنـد کەسـی بـە نـاوی فەرمانـدار نـاردن، یـەک لـەوان سەرۆک عێلی دێبۆکری بـوو، بـەڵام ئـەو ناردراوانـە سەرنەکەوتن و شار بە کردەوە لەدەست خەڵکدا مایەوە.

دەسەڵاتی نێوخۆیی لە مەهاباد جگە لە بزاڤی نەتەوەخوازی، لە مەودای پێویستییەکانی کۆمەڵگە، کات و ناوچە و ئاگایی کۆمەڵایەتیدا بوو، ئەو ڕەوتە بۆ ماوەی پتر لـە چوار ساڵ وەک "حکومەتی مەهاباد" خۆی نواند. دواتر بە هاوکاریی خەڵکی ناوچەکانی دیکە، دەسەڵاتی کوردی بە نـاوی "جمهوری کوردستان" لە ماکۆیەوە تا سەقزی داگرت.

### ٤. پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک.

١. دە مانگ دوای وەگەڕکەوتنی دەسەڵاتی شار، کۆمەڵەی ژ. ک. لە مەهاباد پێکهات. گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی ژ.ک.، بۆ ئاگاداریی گشتی لە مەرامی کۆمەڵە ڕایگەیاند:

"کۆمەڵەی ژ. ک. لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، صوڵح و ئاشتی داندراوە."[٢]

ئەوحێزبە وێنەیەک لە بیر و کردەوەی نوێ و سوننەتی کورد بوو. هەرچەند پێکهێنەرانی ژ. ک. هەموویان زۆر ئایینی نەبوون، بەڵام ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون بوو کە ئەو سەردەم کـاری کۆمەڵایـەتی و تەنانـەت نەتەوایەتی لە کوردستان، نەیدەتوانی لە جەغزی ئایین دوور بکەوێتەوە. ئەودەم زۆرتری خەڵک ئەندامانی کۆمەڵەیان بە "سوێندخۆر" ناو دەبرد. دیار بوو ڕواڵەتی ئایینی کۆمەڵە لەلای بەشی زۆرینەی

خەڵکی عاددی بەرچاوتر لە ڕواڵەتی نەتەوایەتی بوو. ئەو سوێندخۆرانە لەلایەن جەماوەرەوە زۆر بەقەدر بوون.

## ٢- پەیدابوونی ناکۆکی

هەڵبەت ناکۆکیی کۆمەڵایەتی زۆرتر لە بیر و کردەوەی نادیموکراتیک سەرچاوەدەگرێ. وەک بەرژەوەندخوازی، حەسادەت، قینەبرکێ، دوژمنایەتیی کۆن یان ئەوانەی بە نهێنی بۆ دوژمن کار دەکەن و ...

پاش دامەزرانی کۆمەڵە زۆری نەخایاند کە ناکۆکیی سەریهەڵدا. بەشێک لە بەرەی بەکاری کۆمەڵە و لایەنگرانیان، بەبۆنەی نوێخوازی و چەمکی کۆمۆنیستی وێرای چەند کەسی دیکە دژ بە قازی محەممەد، چەق وێستان. لەو نێوەدا قازی محەممەد بە کردەوە ڕەوتێکی دیموکراتیکی لەبەرچاوگرت. ئەو لە ئاست موخالفان بە تابوشت (Tolerance) و بوردبار بوو. بەداخەوە ئێمەی لەخۆبایی، ئێستاش تابوشتی ڕەفتاری وا شارستانیانە و دیموکراتیک لە خۆدا نابینین. ناتوانین جیابیر تەحەمول بکەین. قازی محەممەد سەد سال پێش زەمانی خۆی لەنێو کورداندا هەڵکەوتبوو.

زۆر جار ئەو جیابیر و موخالیفانە لە کۆمەڵێکی سی، چل کەسیدا لە بەرابەر مەحکەمەی قازی کۆ دەبوونەوە؛ بە شوعاردان بەرەو چوارچرا وەڕێدەکەوتن. خەڵک دەیانگوت ئەوانە تودەیین. (موخالیفەکانی قازی محەممەد هەموویان چەپی نەبوون، بەڵام ئەوکات ئەمن نەمدەزانی توودەیی چن و چ دەڵێن؟)

[ڕۆژێک- ئێوارەیەکی درەنگ- لایەنگرانی قازی محەممەد و موخالیفەکان لە حەوشەی شارەداری (کە هاوسێی ماڵە مەبوو) کۆبوونەوە. قازی محەممەد لەگەڵ چەند کەس لە دەوری مێزێک دانیشتبوو. جەماوەرێکی ٧٠- ٨٠ کەسی لە حەوشەکەدا بوون. چەند کەس لە موخالیفەکان (کە نامەوێ نێویان بێنم، هەڵبەت لەمێژە نەماون) زۆر توند و ناحەز دەدوان. یەکیان بەرەورووی قازی دەمانچەی بەدەستەوە بوو. خەڵکەکە و لایەنگرانی قازی محەممەد زۆر پەرۆشی ئەو بوون. بەڵام چاویان لە دەمیی بڕیبوو. سەربەخۆ کاریان نەدەکرد. قازی محەممەد لەپشت مێزەکە دەنگیشی بەرز نەدەکردەوە، بەڵکو زۆر بە هێمنی دەدوا. ن.]

بە باوەڕی کەسایەتییەکی بەرز- کە ئێستا ماوە و ئاگاداری ئەو هەڵلایە بووە- ئەگەر ئەودەم، قازی محەممەد وا خۆڕاگر نەبووبا، هەر ئەوێ شەوێ دەیان کەس دەکوژران و مێژووی کورد چەشنێکی دیکە دەنووسرا.

## 5. حیزبی دێموکرات چۆن دامەزرا

پێویستییەکانی ناوچە و جیهان بزووتنەوەیەکی هێژایان گەرەک بوو. ئەو کارە دەگەڵ مەودای سنووربەزێن و چەمکی نهێنیی ژ. ک. نەیدەخوێندەوە. دەبوو ڕەوتێکی دی دەستپێبکرێ کە کردەوەیی (عەمەلی) تر بێ. بەڵام بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی نوێ، زۆرتری ئەندامانی ئاسایی ژ. ک. موخالیف بوون. ئەوان دەیانگوت: "سوێندەکەمان لێدەکەوێ". بەڵام قازی محەممەد بە چەشنێک دەستیبەکار کرد، دەتگوت حیزبی دێموکراتی کوردستان، جێگری کۆمەڵەیە. بەیاننامەی دامەزراندنی حیزب لە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤دا دەرکەوەت و کۆنگرەی یەکەمیش ڕۆژی دوایە بەڕێوەچوو. بەڵام جێژنی ساڵگەردی دامەزران لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥دا بەڕێوەچوو. (ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵە) بۆ وایان کرد؟

دەقی بەیاننامەکە لەسەر لاپەڕێکی گەورە لەلای ڕاست بە فارسی و لەلای چەپ بە کوردی نووسراوە، لە بنەوەش ٦٠ - ٧٠ ئیمزای لە کەسایەتیی ئایینی، سەرۆک عێل و عاشیرەت و کەسایەتیی شاری پێوەیە. ئیمزای قازی محەممەد لە سەرەوە لەلای چەپ دەبیندرێ.[٣] تۆمارێکیش لە کەتانی سپی بۆ ئیمزای گشت خەڵک و خوازیاران لە ئارادا بوو. بەو چەشنە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. کوژایەوە و کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان دەستبەکاربوو. بەڵام قازی محەممەد بە هاوبەشکردنی سەرۆک عێلەکان لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات دا، لە هەڵوێستی سەرەتایی ئەوان دژ بەو بزاڤە بەرگریی کرد.

بەشی فارسی بە "بسم الله الرحمن الرحیم / بیاننامه حیزب دمکرات کردستان" دەستپێدەکا. لێرەدا دەقی چەند خاڵی "بەیاننامە" بە زمانی کوردی- لەسەر شێوەی نووسینی خۆی- دەخرێنەبەر چاو:

"بە ناوی خودای بەرزو بی هەمتا

بەیاننامەی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان

هاونیشتمانان، برایان، آگری شەری تەواوی دنیای داگرتبو... بەهیزی... متفقینی گەورەی ایمە کوژاوە، دنیای دیموکراسی غالب و دنیا فاشیستی [تێکرووخا] ... ئەوەیە آرەزوی ایمە

١- میللەتی کورد لە ایران لە هەلسوران و پیک هینان و کاروباری جیگای خوی آزادبی و لەسنوری دەولەتی ایران دا خودموختار بی

٢- بتوانی بەزمانی خوی بخوینی و لە[وشەیەک ناخوێندریتەوە] کوردی دا کاروباری اداراتی دەولەتی هەر بە کوردی بی

٣- ئەنجومەنی ولایەتی کوردستان کە وەکو قانونی ئەساسی دەبی جی بە جی دانرێ لە هەمو کارەکانی اجتماعی و دەولەتی دا چاوەدیری بکا و پیی رابگا

٤- مامورینی دەولەت هەردەبی لەخەلکی محەل بی

٥- بە بونی قانونیکی کولی بەینی رەعیەت و ئەرباب وا سازشت بەجی بیت کە دواروژی هەردوکیان تەمین ببیت.

٦- [لەسەر هاوکاری گەلانی ناوچە]

٧- [وەپێش خستنی کشت و کاڵ]

٨- [ئازادی بۆ هەموو گەلانی ئیران]

بژی کوردستانی خودموختاری دیموکرات"

## ٦. بەرگری لە مەترسێکی مێژوویی

ئەگەر کوردان کەمتەرخەم بوویان، بە دامەزراندنی دەسەڵاتی ئازەربایجان بەشی ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیە - کە کوردن- وەک پێشوو بێدەسەڵات دەمایەوە. لەو کاتەدا قازی محەممەد و هاوڕێکانی بە فریای گەلی خۆیان گەیشتن. ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان بە هاوبەشی سەرۆک عێلەکانی باکوور، بیری دامەزراندنی دەسەڵاتی گەلی کوردیان لەم ناوچانە وەگەڕخست. دواتر کە دیتیان تاران بە هێندیان ناگرێ، بە دامەزراندنی "جمهوری کوردستان" ئیرادە و دەسەڵاتی گەلی کوردیان نیشاندا. هەڵبەت ئەگەر تاران دوای دەربڕینی بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤) مافی کوردانی لە چەغزی یاساگەلی ئەنجومەنی ویلایەتی (قانون اساسی مشروطه)، بە ڕەسمی ناسیبا، چەشنی حکومەتی خودموختاری سەردەم، لە ڕاوێژ دەگەڵ تاران پێکدەهات. (بەیاننامەکە داوا دەکا "جێبەجێ [هەرچی زووتر] دانرێ"). ئەو ڕووداوانە، ئاگایی کۆمەڵایەتی، لێهاتوویی و توانایی بەڕێوەبەری کاروباری نێوخۆی کوردانی لە ئیران نیشاندا.

## ٧. چەمکی دامەزرانی کۆمار

شوعاری دوایی بەیاننامە: "بژی کوردستانی خودموختاری دیموکرات"، لە ئارادابوونی حکومەتی ناوچەیی دەسەلمێنێ. مەبەست لە هێنانی دەقی بەیاننامەی کۆمەڵەی د. ک. و داواکانی، نیشاندانی ئەو مەبەستەیە کە کوردان داوای جیابوونەوە لە ئێرانیان نەکردبوو. خواستەکانیشیان یاسایی و لە مەودای بەڕێوەبەری کاروباری نێوخۆدا بوو. ئەو دەسەڵاتەشیان هەر لە سەرەتای دەربڕینی بەیاننامە لە ماکۆیەوە

تا سەقز پێکهێنابوو. لە ٢٦ی سەرماوەزی١٣٢٤ ئاڵای کوردستان هەڵکرا، هێزی پێشمەرگەش پێکەوەنرا. ئەو کردەوانە بەر لە دامەزرانی کۆمار، بە کردەوە لە ئارادابوونی دەسەڵاتی کوردیان دەسەلماند.

بە وردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بڕیار و ڕەسمی دامەزراندنی کۆمار لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ (٢٢ ژانویە ١٩٤٦) کاردانەوەی وەپشتگوێخستنی داخوازییەکانی سێ مانگ پێشتری کۆمەڵەی دێموکرات، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی بوو: تاران کوردەکانی بەهێند نەدەگرت، لە تەورێزیشی دەویست ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان لەبن دەستی خۆیدا ڕابگرێ. مەبەست بەهێندنەگرتن و حاشاکردن لە کێشەی کورد بوو! بەڵام وەک هێمن دەڵێ: ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە.

لەو نێوە دا قازی محەممەد ئەگەرچی هەر وەک کۆمەڵەی ژ. ک. لایەنگری ئاشتی و خەبات لە مەودای مەدەنیدا بوو، هەروەها لە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە و گیروگرفتەکانی ناوچە و دەرەوە ئاگادار بوو، بەڵام دەیەویست لەو دەرفەتەدا بە دنیایە نیشان بدا کە گەلی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی چارەنووسی خۆی لێهاتوویی پێویستی هەیە.

[لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکاراندا پێشەوا ئاماژەی بەوە کرد کە لە یەکێک لە شەڕە داسەپاوەکاندا ١٢ کەس لە کادری پزیشکی هێزی نیزامی دەوڵەت گیراون. ئەو گوتی: ئەمن زۆر ڕێزی ئەوانە دەگرم، هەموو بەیانان دەچم حاڵیان دەپرسم. ئەمە نیازمان بەو کادرە هەیە. بۆخۆمان پزیشکمان نییە. ن.]


بەداخەوە لە بەشەکانی تری کوردستان (ئێران)، چ هاوکارێکی کۆمار نەدرا. دەحاڵێکدا لە گەرمێن گەلێک مامۆستا هاتبوون. تەنیا مامۆستایەک لە کرماشان هاتبوو کە زۆریان ڕێز لێگرت و کردیان بە موعاوین و هەمەکارەی وەزارەتی پەروەردە.

پێشەوا لەمەڕ کەموکوڕییەکاندا دەیگوت: ["ئەگەر دەوڵەت هێرشیش نەکاتە سەرمان، بە گەمارۆدان فشارمان دەخاتەسەر. ئەگەر هاوسێکانمان نەیەڵن کبریتمان بەدەست بگا، دەبێ وەک نەسلی عەسری حەجەر، بە بەردی ئاگر بکەینەوە." ن.] بەڵام بەوەش هانی دەدایـن کە نابێ ناهومێد بین. دەیگوت: ["ئەم وەدواکەوتووییەی گەلی کورد، بەرهەمی دەسەڵاتە زاڵەکانە کە لە هەموو بوارێکەوە بەری پێشکەوتنمان دەگرن و دەمانچەوسێننەوە. هەوڵ بۆ فێربوون و پێشکەوتن، هەوڵ بۆ ڕزگارییە." ن.]

هێندێک کەس دەڵێن چون کورد ئەو سەردەم لە مەودای زانست، پیشەسازی، ئابووری و... نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی ڕابوێستێ، نەدەبوو داوای دەسەڵاتی چارەنووسی خۆی بکا. ئەو بۆچوونە نادروستە، وەڵاتی هیند و پتری موستەعمەرەکان، زۆر داماو بوون. بەڵام کاتێک توانیان چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن، ئەوانەی ڕەوتی دیموکراتیکیان گرتە پێش، وەپێشکەوتن.

### ٨. چەمکی ڕووخانی کۆمار

لە کاتی ڕووخانی کۆمار، قازی محەممەد وەک بەڕێوەبەرانی حکومەتی ئازەربایجان لە فکری خۆڕزگارکردندا نەبوو، بەڵکو ئەو لە فکری کەمکردنەوەی خەسار و مەینەتی خەڵکدا بوو. [دەحاڵێکدا 7 کیژ و کوڕێکی لە پاش بەجێدەما کە گەورەترینیان ١٥ ساڵی بوو. ن.]




قازی موحەمەد لە کۆبوونەوەیەکی پێکهاتوو بۆ نەزەرخوازی لە خەڵک - سەبارەت بە سەرەنجامی کۆمار- بە ڕاشکاوی چلۆنایەتی ئەوزاعی ناوچە و دەسەڵاتی ناوەندی و پشتیوانی زلهێزەکانی لە ڕێژیمی شا، ڕاگەیاند. ئەو چ بابەتێکی لە خەڵک نەشاردەوە، نەزەرخوازی لێکردن. زۆرتری ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکەدا بوون، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە جێگۆڕکێی دەسەڵات بە چەشنێکی شارستانیانە پێکبێ. بەو حاڵەش چەند کەسێک خوازیاری بەرگری لە دەسەڵاتی نێوخۆ بوون. [باشترە ئەوەش بزانین بەر لە ڕووخانی کۆمار، حکومەتی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی کارمەند و بنکەکان، بێ جێ بوو. تووتن لە ئەمبارەکاندا دەگنخا و ڕێگای فرۆشتنی گیرابوو... قازی محەممەد دەستوری دا گەنمی داهاتی ملکی خۆی بفرۆشن و بیدەن بە ئیدارەی دارایی مەهاباد. لە کەسانی دیشی یارمەتی خواست. ن.]

### ٩. هۆیەکانی ڕووخانی کۆمار

١. تا ئەو کاتەی ئازەربایجان لە ماکۆیەوە تا نزیک سەقز بەینی کورد و هێزی تارانی گرتبوو، مەودای هێرشی دەسەڵاتی ناوەندی بۆسەر کوردان زۆر بەرتەسک بوو.

٢. دوای تەسلیم بوونی تەورێز، کوردان لە مەودایەکی زۆر بەریندا وەبەر پەلامار دەکەوتن. عەشایریش لای کۆماریان بەردابوو.

٣. وەرزێر و جووتیاریش توانای بەربەرەکانیی دەگەڵ دەوڵەت و ئاغاکانیان نەبوو.

٤. زۆر زوو مەودا بۆ بەرگری لە هێرش تەنگ دەبۆوە.

٥. دەوڵەت بە زۆرەملی و هاندان، خەڵک و عەشایری بەگژ خۆڕاگران دادەکرد.

٦. بژیوی خەڵک و ئاستی ئابووری و نەبوونی ئیمکاناتی لۆجێستیکی دەرفەتێکی بۆ خۆراگران نەدەهێشتەوە.

٧. ئەزموونگەلی پێشووی کورد (بەتایبەت بارزانییەکان) لایەنگری لە شەڕی نابەرابەر نەدەسەلماند.

٨. بەجێهێشتنی نیشتمان و ڕووکردنی گشت گەلی کورد لە تاراوگە، هەڵەیەکی مێژوویی دەبوو. (کورد تا لەنێو نیشتمانە دەتوانی وەڵاتی خۆی بپارێزێ.)

٩. شەڕ، بە کردەوە دیاردەیەکی فیزیکییە، لە مەودای نابەرابەری چەکی نوێدا، دیارە کە بەری لاواز دەیدۆڕێنێ. بە قسە و و شوعار، لایەنگری لە شەڕی نابەرابەر، خەڵک فریودانە.

پەڕاوێز

[١] بۆ زانیاریی پتر لەو بابەتە بڕوانە کتێبی نووسەر (هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد)، پێشوو.

[٢] گ. نیشتمان، ژمارە ٥ ڕێبەندانی ١٣٢٢، ل. ١.

[٣] لە ڕووی کۆپییەکی زۆر کۆنم نووسیوەتەوە.

١٢ی جولای ٢٠٠٧ سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە.

درێژەی هەیە...

# لە سێدارە دانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران



بەشی دووهەم

نووسینی: هۆمەر



### ئاخ ! بڵێ گەلی کورد بۆ جاریکیش بیت لە میژوی دریژو خوێناوی خۆی عیبرەتیک و دەرسیک وەرگریت ؟

هەخامەنشەکان هیرشیان دەکردە سەر عەشیرەتەکانی ناوخۆ قتل و عام و غارەتیان دەکردن و تواناترین و کارئامەترین گەنجانیان لە ناو ئەم عەشیرەتانەدا هەڵدەبژاردن بۆ ناو سپای خۆیان و وەک گاردی تایبەتی شا، یان دەربار. لەم عەشیرەتانە تەکلیفیان دەکرد کە لە گەڵ عەشیرەتەکانی تر یەک نەکەون و سنوری خۆیان لە بەرامبەر یەکتر و هجومی بیگانەبپاریزن. چونکە یەک کەوتنی عەشیرەتەکانیان بە دژی خۆیان دەزانی و لە هیرش بە وڵاتانی دەوروبەر بە هەمان شیوە بی کەرامەتیان دەکردن و دەسدرێژیان دەکردە کچانیان و دەیاهینان بۆحەرەمسەراکانیان. هەروەها گەنجانی کورشیان بە دیل دەگرت و دەیانکردنە غوڵامی بنەماڵەی شا بۆ بیگاری و ئەمباریان پی دروست دەکردن و کشت وکاڵیان پی دەکردن و بەرهەمەکەی لە گەڵ هەزاران خەروار دەخڵ ودان باج و خەراج و تاڵانی خەڵقیان تیا زەخیرە دەکرد و زەرو زیو و سەروەت و سامانی تاڵان کراوی خەڵکیان لە خەزینەی شا ئەمبار دەکرد. قروقاتییان لە وەڵات دەخست و لەکاتی لەشکر کەشیە کانیان بۆ سەر عەشیرە و نەتەوە و وڵاتانیتر، ئەم غوڵامانەیان لە پیشی جیبهەوە سازمان دەدان موسەلەمە سپای ئاوا دیفاعی پی ناکریت. کاتیک ئەسکەندەر بە هیزیکی کەمەوە هیرشی کردە سەر وڵاتی هەخامەنش، نەک هەر زۆر زوو سپای چەند میلیونی تیک شکاند، بەڵکو بە خیرایی سەرانسەری فەلاتی ئیرانی لە شەرق بو شیمال و غەرب تا هیندو ئاناتولی داگیر کرد و تاج و تەختی هەخامەنشییان تەفروتونا کرد و حکومەتەکانی دەست نیشانکراوی خۆیان لە شیمال دامەزراند( ساتراپی پارت) بە ناوی سلوکیان. عەشیرەتەکان و لاوانی بە غوڵام کراو و مۆرکراویان ئازاد بوو . و ئەسیرانی میلەتانی دراوسێ گەرانەوە بۆ وەڵاتیان و میلەتان لە باج و خەراج و زەخت و زۆری هەخامەنشەکان رزگاریان هات. پیاوان و لاوانی پارتیزانی پارت (گاردی جاویدان)گەرانەوە بۆ ناو عەشیرەتەکانی خوراسان و ئیالەتی پارت . بونە هۆی هاو پەیمانی عەشرەتەکان و تایفەکانی برنی . سکایی . و تایفەکانی مادەکان بە بیرو باوەری دینی و فەرهەنگی جیاوازەوە لە ریگای مەجلسی هاوپەمانی ئەم تایفە و عەشیرەتانەوە بە ناوی موغستان دەسەڵاتی ئەشکانیانیان پیک هینا (ساڵی ٢٥٠ پ م تا ٢٢٤ میلادی). بەو مانایە کە حکومەتی دەسەڵاتی خەلک و بە روخاندنی تەختی جەمشید میژووی ٢٠٠٠ ساڵەی فەلسەفەی شا،خودا،ئیبیان بۆ هەمیشە دوایی پی هات و بەشەرییەت کۆمەڵگایکی میژووی نوێی بونیاد نا کە ئیتر شا نوینەری ئەهورامەزدا نەبوو ، ئیتر شا خودای سەرزەوی نەبوو و نە سیبەری خودابوو ئیتر کەس موجەسەمە و ناوی شای هەڵنەدەکەند ، کەس سەری بوو دانەدەنۆاند بۆ سەقام گیربونی ئەم فکرە(دەسەڵاتی کۆمەڵگا) دەبویایە هاوپەیمانییکی نەتەوایەتی لە بەینی عەشیرەتەکاندا لە جوغرافییای بەرینی ئیراندا پیک بهاتایە و ئەمە لە بوۆاری فیزیکییەوە لە کاتی روخانی هەخامەنشیەکانەوە دوو نەسلی پێ چوو .

لەم ماوەدا سەبارەت بە ساختاری میژوویی و کۆمەڵایەتی بە شیوەیکی ناشارەزا زۆر شت نوسراوە کە دوور لە راستین. بۆ نمونە لەم برکە میژوویییەدا باسی کەسانیک وەک تیردادی ئەوەڵ دەکەن و شارە گەورەکانی وەک ئاساک و هکاتم پلیسی پی نیسبەت ئەدەن و باسی شای گەورە و شەر و هەڵات هەڵاتی ئەشکی سێ٣ (ئردەوان) لە گەڵ وەرەسەی سلوکییەکان دەکەن، کە هیچی راست نیین. ئەشکانییەکان کە لە هەخامەنشەکانەوە بە سیستمی نیزامی و مەدەنی ئاشنا ببون و کەسانی خویندەواریشیان تیدا بوو، تۆانییان رابەری یەکیەتی ئەم عەشیرەتانە لە ئەستۆ بگرن لە ئیدامەی ئەم راپەرینە یەکیەتی عەشیرەتەکان . لە ساڵی ١٧٣ پ م ئەشکی شەش (مهردادی ئەوەڵ) لە کوبونەوەی جەماوەری ریش سپیەکان و زانایان و سەرۆک عەشیرەتەکان پیشنیاری پی کردن کە یاسای بنە رەتی بۆ دەوڵەت دانین تا حەق و حقوقات وزایف و تەکلیفی هەمو کەس ڕۆشن و پارێزراو بیت کە قەبوڵیان کرد و دوو مەجلسیان تەسویب کرد یەکیان مەجلسی بنە ماڵەی سەڵتەنەت و شازادەکان و نەجیب زادەکان . مەجلسی دوو لە گەورەپیاوان و ریش سپیەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و نوینەرانی خەلک وەک وەرزیران و کریکاران و پیشە سنفییەکان و ئەم دوو مەجلسەیان ناونا موغستان یان مەهستان. گەورەترین ئەرکی مەجلسی مغستان هەڵبژاردنی وەلیعهد لە ناو شازادەکان راگەیاندنی شەر و ڕاگەیاندنی سولح و ئاشتی کۆکردنەوەی هیز و لابردنی پاشا ئەگەر شیت بیت یان ئەگەر بۆ ماوەی زۆر نەخۆش بکەوی، دابین کردنی ماڵیات، سکە لیدان، دابین کردنی پاشاکانی وڵاتانی ژیر سەیترەی خۆیان وەک ئەرمەنستان و، دابین کردنی فەرماندەی گشتی هیز لە ئیختیاراتی مەجلسی مەهستان بوو .(١)

بەم شیوەیە بە دوای روخانی هەخامەنشیان و ڕاپەرینی خەلک لە "شا خودائی"یەوە بۆ دەورەیکی نەوینی میژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ بە دەست هینانی ئەوەڵین شارستانیەتی سازماندراوی قەبیلەی(عەشیرەیی) دینی و دیموکراسی و سەروەری خەڵک، بە یارمەتی ئەشکی شەش(مهردادی ئەوەڵ)و بە بەهرە وەرگرتن لە فیکرو تێزەکانی بیرمەندان و فیلسوفانی وەک ( ئارشیت ـ و ـ ورتا) ٢ گەورەترین گەشەی تەمەدونی ئەو زەمانەیان پیک هینا . بەشەر لە درێژەی پەرەسەندنی میژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی هاتە ناو دەورەیکی نوێی شارستانەتەوە .سەردەمی شا خودائی لە گۆر کرا .رابەرانی گەل نوینەرانی گەل مەجلسی مەهستان هەڵیان دەبژارد و هەر هەمو ناویان ئەشک بوو و بە دوای یەکدا بە ژمارە ناو نرابوون وەک ئشکی ١ ـ ٢ و ...... تاکەس وەک شەخس گەورە نەبیتەوە . لە دەورەی ئەشکانییەکان ئاڵوگۆریکی بنەرەتی لە تەمەدون و زانیاری پیک هات. بە دوای لە بین چونی هەخامەنشیەکان کرژی و کوشتارو تاڵان و غارەت کردن بە سەر هات. دۆستی و سەفا و عەدالەت و تجارەت جێگایانی گرتەوە . ئاینی جۆراوجۆر پیک هاتبوو بونی دین و بیروباوەر ئازاد بوو ، سەرەرای نوسینی میخی، خەتی خروشتی و پەهلەوی لاجەکانی سەغدی، سکاتی، پەهلەوی، ئەوستایی، تەخاری و ئەشکی هاتە ئاراوە . لیدانی سکە و پارچەی جۆراوجۆری ئاوریشمی ململ و ئەدوییە و شیرینیجات و ئەشیای ئاسن مس، نیکڵ و نوقرە و جەواهیرات و سەنعەتی فلز و دار گەشەی کرد و بازاری مامەلە و تجارەت و هاتو چوی کاروانەکان لە گەڵ

چین و هیند بەدەخشان وخەیبەر، سیستان و کاشمەر قرغاتە ڕەونەقی پەیدا کرد، هاتوچوی کاروانەکان لە ئەمن و ئەماندا بوون ،نوسین و هونەر و ئەدەبییات و هۆنراوە و گۆرانی و ڕەقس و ئاواز وتەپڵ و دەهۆڵ و فلوت و شمشاڵ وکەمانچە و تار و دروست کردنی شمشیر و نیزە و تیرو کەمان و قەمە و سپەر زۆر فەراوان بوو.

ژن لە دەورانی ئشکانییەکان : ژن زۆر ساحەب ریز و ساحەب دەسەڵات بوو لە حەق و حقوقی نیو ماڵدا لە گەڵ پیاو فەرقیان نەبوو و شان بە شانی پیاوان کاریان دەکرد لە گەڵ پیاوان فەرقیکی ئەوتۆی نەبوو .ئشکانییەکان شوجاع و جەنگاوەر بوون وسیستمی جەنگی تایبەت بە خویان بوو وەک هیرشیان دەکردە سەر دژمن ئەوکات لە بەر دژمن هەڵدەهاتن و بە خۆ حەشار دان و فریودان دژمنیان وەرەز و ماندو دەکرد ئەوکات هیرشیان دەکردنەوە سەر بەم شیوە دژمنیان تیک دەشکاند ئیستا بە شەری پارتیزانی ناسراوە بەشیکی زور لە ژنان ئندامی سپای جەنگاوەر بوون و فەرماندەی هیز و دەستە بوون سپای مونەزەمیان نەبوو بەڵکو هەر عەشیرە و تایفەیک سپای خۆی بوو و لە کاتی پیویست بۆ دیفاع یان بۆ هیرش شورای نیزامییان پیک دەهینا و مەجلسی مهستان شۆرا و فەرماندەی تەواوی سپای بۆ دابین دەکرد .

دین و ئائینی ئشکانییەکان : لە دەورانی ئشکانییەکان ئاینەکانی زەرتشت ، زروانی، بودایی، یەهودی، یونانی بووە دین لە سەیتەرەی ئشکانییەکان ئازاد بوو و هۆیەکەیشی رۆشنە عەشیرەتەکانی ئشکانی بیرو باوەری ئاینی جیاوازیان بووە عەشیرەتەکان لە مەجلسی مهستان نوۆینەرانی ئاینییان کە موغانیان پی دەوت بووە بۆیە بەڵگەیکی وا بە دەستەوە بییە کە ئشکانییەکان پەیرەوی ئاینیکی دیاری کراو بوبیتن ،بڵام زورترینیان باوەریان بە مهر بووەو پەیرەوی ئاینی زەردوشت بوون و لە سەر سکەی پوڵەکانیان وینەی ئاتەشکەدەی لی هەڵقەندراوە و بە پیچەوانەی هەخامەنشەکان رابەرانی ئاینی زەردوشت موخ و موغان زور نفوزیان لە ناو دەسەڵات و مەجلیسی مەهستان نەبووە بەم بۆنەیەوە موخ و موغانەکان زۆر موخالفی حکومەتی ئشکانییەکان بوون .

شارستانیەت و زانیاری ئشکانییەکان : لە ئوموری میعماری وموهندسی و دروست کردنی کەرەستەی پیویست لە سواڵەت و فلز شارەزایی زۆریان بووە وەک سەنگ شیری هەمەدان وپولیپبوس لەم بارەوە دەڵیت ستوننەکانی کاخی هەمەدان لە داری سەدر و سەرو دروست کراوە کە بە لەوحەی فلز و زیر داپۆشراوە . دەخمەی سەحنە لە کرمانشا ، تاقی فەرهاد لە لورستان و..... و زانیاری کارەبا و ئیلکتریسیتەیان بووە ، لە ساڵی ١٣٣٠ میژوو ناسی ئاڵمانی ویلهڵم کونیک لە نزیکی تیسفونی بغداد بریک کەرەستەی دییەوە و تەحقیقی لەسەر کرد تیگەی کە ئەمانە پیلی ئلیکتریکین و جنرال موتور تەقلید سازی ئەم پیلانەی کرد توانی بەرقی ٢ تا ٢. وڵت بە دەست بینیت ودەرکەوت ٢٠٠٠ ساڵ پیش کنت ولتا ئشکانییەکان و میسر و یونانی قەدیم ئلکتریسیتەیان بکار هیناوە باستان شناسەکان پییان وایە کە بۆ ئاوی تەڵا و نوقرە بکاریان هیناوە

تەواوبونی سەیتەرەی ئشکانییەکان : هۆی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتداریی ئشکانییەکان و شکستیان لە پنج خاڵدا بوو ١ . دژایەتیی عەشیرە شازادەکان و نەوەکانی هەخامەنشی و موخ و موخانی لایەنگیریان ٢ ـ لە ساڵانی ئاخردا شا و شازادەکان نەزەراتیان بە سەرمەجلسی مەهستان دادەسەپاند ٣ـ پیک هاتنی ناتەبایی لە بەینی سەروک عەشیرەتەکان و بریکی زۆر لە سەروک عەشیرەتەکان. لە مەجلسی مهستان هاتنەدەری و بریک لەم سەروک عەشیرەتانە پاڵیان دا بە شا و شازادەکانەوە ٤ . هیرش کردن بۆ سەر وەڵاتانیتر لە پیناو دەسەڵاتخوازیەکانیان ٥ ـ نارەزایەتی خەلک :شەری یونان بووە هۆی زۆربونی فشاری ئابوری و ماڵییات لە سەر خەلک و ڕاویستانی هەر چەشنە ئاوەدانییک لە وەڵات . زەحت و زۆر و تاڵانکردنی زەحمەتکیشان و کوژرانی هەر چی زیاتری لاوانیان لە شەری بێ سەمەری ئیران و یونان بوۆە هۆی بیزاری خەڵک لە دەسەڵات بوۆە هۆی ئەوە کە گەلانی نارازی بچنە ژیر فەرمانی دەسەڵاتی ئردەشیری بابەکان لە تایفەی شوۆانکارە کورد کە لە ئەسل و نەسەبی مادەکانن رادەپەریت و ئاخرین پاشای ئشکانی ئەشکی ٢٩ (ئەردەوانی پینجمی )لابرد و ئیمپراتوریکی بە هیز و شکۆمەند بە ناوی ساسانیانی دامەزراندو حدودی حوکمرانی خۆیان تا مدائن پەرە پیدا . ئەشکانیان دوای ٤٧٠ ساڵ دوۆایی پی هات ،

ساسانیان : ماوەیک لەمەو پیش لە ١٠ . ١٢ ـ ٢٠١٠ لە ژیر ناوی لە وڵات و لە ئاینیان کردین! ناچار بە دریژایی میژومان خوۆینماندا هتا شوناس و زمانمان نەفەوتێنن .لە سەر سایتی هەڵوێست بڵاو کراوەتەوە کە لە بەشی نوسەران تەرخان کراوە سەرنج بدەن زۆر بە کورتی میژوو و دەسەڵاتی ساسانیان تا دەسەڵاتی عەرەب و ئیسلامی بونی فەلاتی ئیران و و نێهزەتی عەلەوی و پیک هاتنی جوڵانەوەکانی جۆراوجۆری ئازادی خوۆازانەی ئیران تا لایەن گیرانی ١٢ ئیمامییەکان بە کورتی بەیان کراوە .

سیمورغ : ساختاریکی ئاڵۆزە مورغیکی ئەفسانەیی بە کلکی تاوس و جەستەی هەڵۆ و سەروپەنجەی شیر. نیشانەی پاشایتی ساسانیان بووە کە لە سەر زەرفەکانیشیان هەڵکەندراوە. لە دیواری ئەفراسیاب لە شاری سەمەرقەند ولە لیباسی خوسرەو پەرویز لە تاقی بوستان ئەم تەرحە هەڵکەندراوە بە قەولی مارکوس مودە باستان شناسی ئاڵمانی ئەم نیگارە بە پەیکەری خوسرەو پەرویزەوە و نزیکەی سەد پەیکەرەیتر نیشانەی گرینگی ئەم نیگارەیە. سیمورغ لە ئەساتیر و ئەفسانەی فەرهەنگی مادەکاندا هاتوە و لە ئەویستاشدا بە باڵەندەیکی گەورە باسکراوە کە لە سەر داریکی دەرمانی بە ناوی ویسبوبیش هیلکە دەکات. سیمورغ لە شانامەی فردەوسی بە سیمایکی یەزدانی لە حکایەتی زاڵ (باوکی روستەم)و بە سیمایکی ئەهریمەنی لە حەوت خانی ئەسفەندیار هاتووە. هەر وا لە ڕەسالەی ئەلتەیری ئەنبی دینا ـ و لە نیهزەتنامەی عەلایی و مەنتەقوتەیری عەتار دەبینین فەرهنگ و ئەدەبییات و نوسین و شعر و موسیقی سەنعەت و تجارەت و بازەرگانی و ئاوەدانی لە دەورانی ئەشکانییەکان تا ئاخری ساسانییەکان لە گەشانەوەدا بوە، هۆکەی ئەوە بوۆە کە دەسەڵات لە دەست نوێنەرانی گەلدا بووە. زەحت و فشار و ماڵیات بە سەر خەڵکەوە نەبوە و راو و روت نەکراون و، مافی کۆمەڵگا تا رادەیک بەهرەمەند بوون. زەوی و زاریان ئازاد بووە و بە ئختیاری خۆیان کشت و کاڵیان کردوە .

پاشاکانی هەخامەنش هیرشیان دەبردە سەر شارو دیهاتەکانی وەڵات تاڵان و ڕاو روتیان دەکردن و ماڵیان ویران دەکردن گەنجان و لاوانیان دەهینان لە گەڵ ئەسیرانی بابلی و کەلدانی و میسرو ویونان و وەڵاتانیتر هەر وەک ئاژەڵ مۆریان دەکردن بە ناوی مانیا کە لە سەر ئەم زەوییە داگیرکراوانەی خەلک بە ناوی زەوی و زاری شا کشت و کاڵ بکەن یان لە ناو سپای شا خدمەت بکەن و پیرەکانیشیان ناچار دەکرد لە سەر باقی زەوی دیهاتەکان لە ژیر چاودیری نوینەری شا بە ناوی موتەسەدی کشت و کاڵ بکەن و هەر بەم خەڵکە ئەنباریان دروست دەکرد و دەغڵ دانیان تیدا پاشکەوت دەکرد. هیچ ئیمکاناتیک بۆ گەشەی فەرهەنگ و زانستی و سەنعەت نەبوو و گەل هیچ مەجالێکی نەبوو . هەر هەمو لە خزمەت سپای جاویدان و دروست کردنی تەجهیزاتی جەنگی زەوی و دەریایی بۆ سەر کوت کردن و کوشتارو لە سیدارەدان و بیکرامەتی و فلیقانەوەی مافی مرۆف بوو .

دوای ٢٥٠٠ سال ئەمە بە میرات ماوەتەوە بۆ کوماری ئیسلامی. تەواوی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە بە نەوت و هەمو کانەکانی زەوی و سەرچاوەکانی ئاو و جەنگەڵ و دەریا و تجارەت و سەنعەت وەک تەلەفون و پترو شیمی و...لە ئختیار ولی فەقیە و فوقەها و سەیدولسادات و نەوەکانیان و سپای پاسدارانیانە. گەنجان و لاوانیشیان کیشاوەتە ناو ئورگانە جۆراوجۆرە سەرکوتگەرەکانیان وەک بەسیجی، حیزبوللە، سارولله، موجاهدین و ئەنسارولله، ئەرتەشی خاتم لئنبیا ،و سەیدولشوهەدا و.... و ساواما کە نوێنەری وڵایەتی فەقیە یان چاو و گویچکەی فەقیهن و دەبینین هەر وەک پیشینیانی خۆیان گرتن و کوشتن و ماڵ ویران کردنی گەل بەردەوامن و لە سیدارەدانی لاوان و گەنجان لە زیندان و لە کوچە و بازار و شەقامەکانی شارو دیهات وزیفەیکی شەرعی و ئیسلامی ڕۆژانەیە و دەبینین کە فەرهنگ و زانستیش لە تاریکخانەکان کراون نوسەران و ڕۆژنامەوانەکان و روناکبیران کۆمەڵ کۆمەڵ لە زیندان لە زنجیر دەکرین زانکوکان و مەرکەزە عیلمی و زانیارییەکان دەبەسترین ومەکتەبی جەل و خورافات جێ یان دەگریت. تا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت دەنگی نێندێک لە ئاخوندەکانیش بەرز بەوەتەوە. لەبەر ئەوە دەزانن لەم سەردەمەدا و ناسی جنۆکە و جن کردن ئەوەندەی دیکە بێ ئابروویان دەکات.

زەبرو زەنگی هەخامەنشەکان بە تایبەت کەمبوجییە تا ڕادەیک بوو کە گەلانی میسر و ماد و کەلدان و ئیلام شۆرشیان کرد. بۆ ئارام کردنەوەی خەڵک هاتن لە غیابی کەمبوجییە کەسیکیان لە موخ ـ موغان (مورشدی زەردوشتی) دروست کرد بە ناوی بەردیا و بە ناوی ئەوەوە بریک ئیسلاحاتیان کرد و خەلکیان پێ فریو دا. کاتیک بە ئامانجەکانیان، گەیشتن پیلانیان بۆ نایەوە کە گۆیا وتویەتی من کەمبوجییەم و درۆی کردوە ،پاشان هەر بەو تاوانە کوشتیان. لە کۆماری ئیسلامیش کاتیک تەحەمولی خەلک بەسەرهات ماوەیک خاتەمی و ئیستایش موسەوی و کەروبیان بۆ خەلک تاشی بە ناوی "بەردیا" و کاتیک بە مەبەستەکانیان گەیشتن، لە روی پرۆژەیکی سیاسی سایکۆلۆگی، ماوەیک بی سەرو شوۆینیان کردن و بە زاهیر تەزاهوراتی میلیونی بە دژیان پیک هینا، ئەودەم هینایانەوە ئیستا بە ناو حەسری خانەگی کراون هەم لە بیر خۆیان هەم لەبیر خەڵک و هەم لە بیر لایەنگرانیشیان چونەتەوە . ئایا ئەم خەلکە پارسە هەر ئەو خەڵکەی دەورەی هەخامەنش رەعییەتی شاە شاهان نوینەری ئەهورامەزدا یان هەمان رەعییەتی سیبەری خودا نین؟ ئایا هەر ئەو خەلکە ئیمرۆ رەعییەتی وەلایەتی فقیە نوینەری خودا نین؟ مەگەر نائین موخالیفەت لە گەڵ وەلی فەقیە موخالیفەت لە گەڵ خودایە؟ دەبینین کە میلەت و رابەرانی فارس جۆن لە میژووی خۆیان عیبرەت و دەرس وەردەگرن بڵێ رۆژیک بیت تەنانەت ئەگەر بۆ جاریکیش بیت میلەتی کورد و رابەرانی عیبرەتیک و دەرسیک لە میژووی دوور و دریژ و خویناویی خۆیان وەرگرن تاوەکوو ئەوەندە دووبارەکاری نەکەینەوە؟ و چەند جار لاوەکانمان شەهید نەکەینەوە ؟ ئاخ ! خۆزگە ئەو رۆژەم بدیبایە!

دەڵین کاتیک گەنجانی ئیرانی لە زوڵم و ستەمی پاشای سلوکی بە تەنگ هاتبوون، پەنایان هینا بۆ ئەشکی ئەوەڵی ئشکانی کە بە دژی پاشای سلوکی ڕاپەریبوو. ئەرەشک لە حالیکدا تەماشای چۆمی ئەترەکی دەکرد وتی : تا کاتیک جوڵانەوەی گەل ئاوا کز و ئارامە، سەرهەڵدانی ئیمە وەک هاواریک وایە کە نابیسینەوە، دەبی سەبر بکەین . تا زەمانیکیش ئەم خەڵقە ئاوا بیر بکاتەوە و "ناجی"یانی خۆی لە ناو سیستمیک ببینیتەوە کە چارە رەش و بی ماڤ وبی کەرامەتی کردوون، چارەنووسیان لەمە چاکتر نابیت .

ژێر نوس :

١- گەلی کورد لە باشور هەر ئەم خوۆاستانەیان هەیە لە دەسەڵاتدارانیان کە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەو پیش بە ویستیکی دیموکراتیانە و مەشروع و بەر عەق ناسراوە

٢- ئارشیت دانشمەند و فیلسوفی باستان لە ترشیز (کاشمەر) لە دایک بووە کە لە سالی ٤٧٦ پ م لە دایک بووە و لە سالی ٣٣٠ پ م مردووە، ١٤٦ ساڵ عومری کرد و چوۆار مەنازرە و گوفتوگۆی لە گەڵ سە دانشمەندی یونان سوقرات و ئیفلاتون و ئەرەستو بووە و کتیبی بە باو بانگی بە ناوی ئەساسی جیهانە

٣- ورتا : دانشمەند و فیلسوف لە سرخس لە سالی ٣١٤پ م لە دایک بووە و لە سالی ٢٤٠ پ م دوای ٧٤ ساڵ ژیان مردووە و شاگردی ئارشیت بووە کە بە جی نشینی خۆی داناوە و ئەوەڵین نەزەرییە دانەرانی دیموکراسی بووە و داشنامەکەی بە ناوی( دایکە) و لە لایەن مهردادی یەکەوە ورتا مەجلسی مهستانی پیک هینا

## فاکتەرەکانی٢٥٠٠ساڵ میژویکی خوۆیناوی جەنایەتکارانە درۆزنانە و فیڵ و کەڵەک تا بە ئیمرۆ :

*ئەم نوسراوەم لە دریژەی نوسراوەکانم سەبارەت (باکۆمەڵگای ئیران و کۆماری ئیسلامی ئیران بناسین)*

٢٥٠٠ ساڵ ویران و تالانکردن و تجاوز بە شەرافەت و کەرامەت و حقوق و مافی زەحمەتکیشان ئەودەم ئیدیعای نوسینی لەوحەی ئازادی مافی مرۆڤ دەکەن ، سەندنی باج و خەراج ومالیات ئەودەم لە کتیبەکانیان دەم لە معاف و کەم سەندنی مالیات دەدوێن قتل و عام و کوشتن و جەنایەت و بی عەدالەتی دەکەن بەلام خۆیان دادگەر ناودەنین و زەنجیری عەدالەت رادەکیشن لە ئازادی بیروباوەر دەدۆین بڵام ئەگەر وەک ئەوان بیر نەکەیتەوە لە سیدارەت دەدەن ، تەپلی نیشتمان پەروەری و راگرتنی تەمامییەتی ئەرزی لی دەدەن ،بڵام بۆ دەسەڵات خیانەت و خۆفروشی دەکەن و وڵات دەبەخشن و مل بە نوسینی پەیمان و قەراردادی پر لە نەنگ و شەرمەزاری ئیمزا دەکەن و مەیدان بە وڵات پاریزان تەنگ دەکەن .ئەمانە نە هەڵبەستە و نە تۆمەت و بوختان ، بەڵکو فاکتەرەکانی میژوون . فەرمون سەرنج بدەن وتا ئاخر لە بەشەکانیتریش بە تایبەت لە لیکدانەوەی ئەم میژووە لە گەڵمان بن تا ئەم کۆمەڵگا و کۆمارەکەی بناسین و بزانین پاریزەرانی ئم نئشتیمانە بۆ ئازادی ،دیموکراسی و ساحەبی راستەقینەی ئەم وەڵاتە کین ؟

### چاو خشکانیک بەم میژووەدا :

ئیمە لە نوسراوەکانی پیشوو روخسار و هیز و سیاسەت ودەسەلاتی ئائینمان لە کۆمەڵگای ئیران (پیک هاتە لە چەند نەتەوە) باس کرد ئیستا ساختاری سیاسی دەوڵەت ودەسەڵاتیان باسدەکەین ئڵبەتە ئەم بەشە یعنی ریکخراوە مەدەنیەکان، پارلمان و سیاسەت لە کۆمەڵگای ئیران لە ئاین جیا نیە بەڵکوو لە واقیعدا ئەمە بەشیکە لە ئاینی سیاسی کە لە ئیران حاکمە و بە یاسا و سیاسەتی ئائینی بەریوە دەچیت . بڵام من تیکۆشاوم کە ئەوەڵ ئائینی جەماوەری خەلک و رابەراتی ئاینی وئامانجیان و تەکبیرو(سیاسەت) و دەسەڵاتیان و یاساکانی ئەم ئائینی سیاسیە بۆ بەریوەبردنی کۆمەڵگای ئیران باس بکەم ئەودەم لە باری شارستانیەتی کۆمەڵگای ئیران ریکخراوە و تەشکیلات و دایرە و یاسا و سیاسەت ومەجلیس و پارلمان و دەوڵەت (دەسەڵات) بدویم . ئەمە تایبەتمەندی بە کۆمەڵگای ئیرانە و کاریکی ئاسان نیە ،بویە هیوادارم نەبیتە هۆی هەڵە تیگەیشتن .

وتمان ئاخرین پاشای ماد ئاستیاگ (ئاژیدهاگ) چۆن کوری نابیت لە واقیعدا بۆ پاراستنی حکومەتەکەی کچەکەی ماندانا ئدات بە یەکیک لە کورەکانی سەروک عەشیرەی پارسیو ،پاسارگاد (پارس) کەمبوچییە، و پیوەندیی خوینی لە حاستی رابەری ئەم دوو عەشیرە پیک دیت. بڵام ئەم پیوەندییە نابیتە هۆی بەرپرسییەتی ئخلاقیان و ئیشتوویگو لادەبەن و بەم شیوەیە لە سالی ٥٥٠ پ م دەسەڵات لە مادەکانەوە دەگۆیزریتەوە بۆ پارسیو یان پارسەکان و هەمان سیستمی ئیداری و خەت و نوسینی مادەکان ئیدامە دەدەن ، زمان و ئائینیان هەر یەک بوە. بە هۆی پیوەند بونی ئەم دوو عەشیرەیە ئیمپراتوریکی بەهیز و بەرین پیک دیت . و هخامەنشەکان لەهەمان سیاسەتی هوەخشەتەرە پاشای ماد کەڵک وەردەگرن . بڵام کورش بەرە بەرە دەسەڵاتی مادەکان کەم دەکاتەوە خۆی دەبیتە دیکتاتور و ساحەب دەسەڵاتی سەرانسەری ئیرانی ئەو سەردەمە کورش و پاشاکانی هەخامەنش بۆ پاراستنی ئەم دەسەڵاتە بو خوی و بنە ماڵەکەیان نە تەنیا بە دژی مادەکان بوون بەڵکو لە ناو خۆیشیانا بۆ دەسەڵات بەربەرەکانە و دژمنایتی خوۆیناوییان بووە و شازادەکان بەردەوام لە وزعیکی پر لە مەترسیدار دەژیان . بەردیای درۆزن : رەوایەت و ئەفسانەی زوریان باس کردووە کورش دوو کوری بوو کەمبوجیە وبەردیا کە فەرمانرەوای رۆژهەلات بوو کەمبوجیە لە میسر بوو کە باوکی مرد باورپیکراویکی خۆی ئسمردیس دەنیریت بۆ کوشتنی براکەی بە بی دەنگی لە بەینی دەبات و بە رەوایەتی هەرودوت کابرایکی ماد بە ناوی گئومات مغ بەم رازە دەزانیت و دیت ئیدعای پاشایەتی دەکات دەڵیت من بەردیام کەمبوجیە کاتیک دەبیسیت کەسیک پەیا بووە ئیدعای پاشایەتی دەکات لە تورە بونیا خەنجەریک لە خۆی دەدات و دەبیتە هۆی کوشتنی خۆی.گئومات هەمو ژنەکانی کەمبوجیە دەخوازیت و دانەیک لەم ژنانە بە ناوی فیدمیا کچی ئاتانس(لەئەشرافی بە ناوبانگ) پی دەزانیت و شەش کەس لە ئشرافەکان لە شوش کۆ دەکاتەوە بە داریوشەوە دەبن بەحەوت کەس و سوند دەخۆن و گئومات لە بین دەبەن و ئەم راپرینە ناو دەنین حەوت یار و داریوش دەبیتە پاشای ئیران و بۆ قانونی کردنی خۆی لە گەڵ کچی بەردیا (پارمیس) ئیزدواجی کرد ئەم شەرح

و حالە داریوش لە کتیبەی بیستون بە سێ زمان پارسی، عیلامی، بابلی بە ناوی گئومات موخ (هەڵ پەرەست )نوسیویەتی . کە چۆن لە بەینی بردوۆە و چۆن هەمو ئموالەکەی داوەتەوە بە ئشرافەکان داریوش لە تایفەی هخامەنش نییە بۆ مەشروعییەتی خۆی لە کتیبەکانی بەردەوام خۆی بە خامەنش پیوەند ئەدا .

**گئومات موخ** :ئولمستد پی وایە ئەوکەسە کە بە دژی کەمبوجیە راپەری براکەی خوی بەردیا بووە ئەم بەردیایە چ بەردیای راست بیت یان درووبە پیچەوانەی کورش و کەمبوجیە بە دژی ئشراف و نەجیبزایەکان وسروک عسیرەتەکان بوو تەواوی معبەدەکان کە بە تەڵا و جواهیررازابونەوە لای بردن تەنیا ئاتەشکەدەکانی زەردوشتی هیشتەوە زەمین و سەرەت و سامان کە بە نەجیبزایەکان درابوون لی سەندنەوە و دیل و غڵامەکانیان پی ئازاد کردن و روی کردە چینی زەحمەتکیش و ئاوەیانی وگەشە پیدانی کشت وکاڵ لە فکری بنیاد نانی کۆمەڵگایکی عادڵانە و مساوات و بەرابەربوو بویە دەست بە جی سەروک عەشیرە و ئشراف و نەجیب زادەکان لە شوش کۆ بونەوە و داریوشیش لە گەڵیان یەک کەوت و بەردیا یان گئومات موخیان کوشت . داریوش لە کتینەکانی خۆی لە بیستون ئەم جەرەیانەی بە ناوی گئومات موخ(فورسەت تەڵەب) بە سێ زمانی پارسی ،عیلامی و بابلی نوسیویەتی ووتویەتی کە ئەموالەکەم داوەتەوە بە ساحەبەکانیان .کورش بۆ فریوی خەلک و لە رابتەی شەر لە گەڵ میسر کاتیک هیرشی بردە سەر بابل قەومی بنی ئیسرائیلی ئازاد کرد ناردنیەوە بۆ فەلەستین ،کردنی بە دۆستی خۆی و سەرەرای ئەوە تەزاهوریان بە عادل و ئینسان دۆست بوون دەکرد . وتمان ئائین لە ئیرانی باستان تا پاشایەتی کوروش لە سیاسەت و دەسەڵات هیچ دەوریکی نەگیراوە وتمان کوروش بۆ فەریوی گەل و بەرژەوەندی خۆی موبدانی زەردوشتی بە زەبری تەڵا و زیر و زۆری سەرنیزە کیشایە ناو دەسەڵات . کە بە خەلک بسەلمینن کورش پاشا نوینەری ئەهورامزدا خودای خودایەگانە . هخامەنشیان بۆ پاراستنی حکومەتیان هەزاران لاوی ماد(کورد) قەومی ئشکانی لە شیمال کە رشید و خوش قەدو باڵا و نەترس و بە هیز بوون سپایکی تایبەت بە ناوی گاردی ویژە پارت / ماد سپای جاویدانیان پیک هینا . لەو کاتەوەی تەختی جەمشیدیان دروست دەکرد و هەر وا دوای ئازادی دیلەکانی بنی ئیسرائیل کریکاران لە ماوەی دوسەد ساڵدا بە گویچکەی یەکترین چرپەیان دەکرد کە بۆچی ئختیاری زەمین و زەمان لە ئینحساری شا و خاندانی هەخامەنشە . ژنان لە دەورانی هەخامەنشەکان بە تئیدی رومیەکان هیچ ماف و ئختیاریکیان نەبوو تەنیا بۆ کەیفە و عیشرەتی خویان هەزاران ژنیان لە بارگاکانی خۆیان راگرتبوو و سەدها ژن بی گوناح دەبونەقوربانی هەواو هەوەسی شا و شازادەکان . لە دەورانی هەخامەنشەکان کۆمەڵگای ئیران کرابووە دوو بەش لە لایک بارگای شا و شازادەکان سپا و موبدانی خۆفروشی زەردوشتی کە هیچ ئیرتیباتیکیان لە گەڵ خەڵک نەبوو و لە لایک تودەی ملیونی خەلک . لە حالیکدا پاشاکانی ماد پیوەندیان لە گەڵ خەلک بووە حکومەت و سپایان لە کونفدراسیونی هەموو خەڵک پیک دەهینا . وتمان بارگای شا سپایکی ملیونی سەرکوتگەری لە کریکاران و جوتیاران پیک هینابوو سەرەرای باج و خەراجی ساڵانە هەر گاە و گوزاریک بە ناوی هزینەی شەر و دەربار هیرشی دەرندانەیان دەکردنە سەر زەحمەتکیشان لە شار و دیهات و هەرچی سەروەت و سامانیان بویایە لێیان دەسەندن وتاڵانیان دەکردن و هەست و نیستیان ئاگر تی بەردەدا و لاوانیان بە دیل دەگرتن بۆ سپەری خۆیان لە شەرەکانیان لە گەڵ دراوسیکانیان . ئیدیعای بونیاد نانی مافی مروف و نیسبەتدانی لەوحەی ئازادی بە کورش ویان پاشاکانی هەخامەنشی بە تەواوی بی مەوردە هەرگیز مافی مروڤیان بە رەسمی نەناسیوە و بەردەوام بە شەرافەت و کەرامەتی خەلک تەجاوزیان کردووە و شەرەکانیان بە فیڵ و کەڵەک بوۆە و ئیدیعای سەرکەوتنیان لە دەستدریژییەکانیان راست نییە بۆ نمونە لەنوسراوەی پیشوووتمان بە فیڵ و کەڵەک هیرش دەباتە سەر قەومیکی بجوک بە ناوی ماساژت کە رابەرەکەیان ژنیک دەبیت برخودان دەکەن و پاشای ٢٠ ـ ٢٥ وڵات تیکدەشکینن . بە قەولی هرودوت کورش دوای ٢٨ ساڵ پاشایەتی لە سالی ٥٣٠ پ م لەم شەرەدا بریندار دەبیت ودەمریت. یان باس دەکەن سپایکی دوو ملوینی ئامادە دەکەن و هیرش دەکەنە سەر روم و ئاتن پایتەختەکەی دەگرن . کاتیک هیرش دەکریتە سەر وەڵاتیک ژیر بنا و ساختاری سیاسی و ئابوری تیک دەشکیت کە وایە ئەی چوون بوو دووای دوو سێ ساڵ ئسکەندەری مەقدونی هیرش دەکاتەوە سەر ئیران تەختی جەمشید دەگریت و تا شیمال و جنوبی ئیران و بریک لە هیند و پاکستانی ئیمرۆ داگیر دەکات و لە شیمالی ئیران حکومەتی خۆیان دادەمەزرینن اسکەندەر هیرش دەباتە سەر کوردوستان بڵام کوردان بەری پی دەگرن و ناتوانیت سەقام گیر بیت ناچار فەرماندەکەی کراسوس بۆ حەفازەتی خوی دە هەزار لە کوردانی مەنتەقەی کرمانشا و تیلەکۆ لە گەڵ خۆی دەبیات ئیستا ئجدادی ئەم کوردانە لە یونان هەن لە مەنتەقەیک بە ناوی سەکز(کە هەمان سەقزی کوردوستانە) .

ئەمەی کە داریوشی گەورە لەوحەهایکی بەردی نوسیوە و باسی فەتح و دەسکەوت و یاساکانی دەکات و بۆ کورەکەی وەسییەت دەکات کە کاناڵی میسر دروست کات و مالیاتی کەم لە خەلک وەرگرە و باسی سیلوکانی دەخڵ و دان دەکات کە رایان گریت و پەرەی پی بدات ئمانە ناتوانیت راست بیت چونکە بۆ دابین کردنی هەزینەی ئەم شەرانە و عەیاشی و خۆشگوزەرانی کاخ نشینەکان ناچار بە تەحمیل کردنی ماڵیاتی زۆر بە سەر خەڵکا دەبن. بە قەولی "ریچارد .ن .فرای" لە دەورانی هەخامەنشەکان ماڵیاتەکان زۆر قورس بوون. بۆ هەمو شتیک ماڵیات دانرابوو. ماڵیاتی دەروازەکان و هاتوچوو وماڵیاتی سنورەکان و مالیاتی دادوستەد ماڵیاتی مەرو ماڵاتی ئاژەڵ ماڵیاتی کشتوکاڵ و کسب و کار و کۆ کردنەوەی شاباشی ساڵانە بۆ شا. سەرەرای ئەو هەموو باج و ماڵیاتانە، خەرجی حاکمان و موباشیران ناوچەکانێ لە سەر شانی خەلک بوو و حاکمانی ئەو ناوچانەی کە خودموختار بوون بۆ دابین کردنی باج و خەراجی ساڵانەیان بە شا، ئەو غەنائیم و دەستکەوتانەی کە لە شەرەکانا بە دەستیان دەهێنا زوربەی زۆری لە خزینەی شا ئەنبار دەکرا و بریکیشی دەدرایە کەسانی دەربار و فەرماندەکانی نیزامی و بۆ رازانەوەی کۆشکەکانی خۆیان بەکاریان دەهینا. زوڵم و ستەمی شاکان تارادەیک دەبیت کە حەماسەی زوحاک و کاوەی ئاسنگەری لە دەکەویتەوە کە فردەوسی شاعری بە ناوبانگ کە زمان چەروی پاشایان بووە ئەم حەقیقەتی میژوئییەی بە سەلیقەی خۆی بە پیاهەڵدان بە پاشاکانی پارس هۆنیوەتەوە پاشاکانی پارش وەک قاڵی ئەیوانی مەدائن و دڕەفشی کاویان لە تەڵا دروستکرابوو. بەگشتی عانەیک لە بەرژەوەندی گەل بکار نەدەرۆیی کاتیک هەخامەنشیان بە هیرشی ئسکەندەری مەقدونی لەبەین چوو لە نوسراوەی پیشوو وتمان راپەرینی خەلک لە "شا خودائی"یەوە بۆ دەورەیکی نەوینی میژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ بە دەست هینانی ئەوەڵین شارستانیەتی سازماندراوی قەبیلەی(عەشیرەیی) دینی و دیموکراسی و سەروەری خەڵک، بە یارمەتی ئەشکی شەش(مهردادی ئەوەڵ)و بە بەهرە وەرگرتن لە فیکرو تێزەکانی بیرمەندان و فیلسوفانی وەک ( ئارشیت . و . ورتا) گەورەترین گەشەی تەمەدونی ئەو زەمانەیان پیک هینا . بەشەر لە درێژەی پەرەسەندنی میژوویی وکۆمەڵایەتی خۆی هاتە ناو دەورەیکی نوێی شارستانیەتیەوە

موبدانی زەردوشتی هەوڵی زوریان دا بۆ روخانی پارتەکان یان ئشکانییان تا موبدیکی زەردوشتیان ساسان ( پارس) بە هاندانی خەلک لە لایەن رابەرانی زەردوشتیەوە دەسەڵاتی لەدەستگرت و بە ساسانیان ناو بران وکەوتنە پاک کردنەوەی موبدانی زەردوشتی ماد و یاساکانی موبدانی زەردوشتی هخامەنشی پارسیان هینایە ئاراوە ئەودەم نە تنیا بونە رابەر ئائینی بەڵکو بونە دەسەڵاتداری سیاسی ونیزامی حکومەتی ئیران . موبدانی پارس بە یارمەتی نەوە و شازادەکانی ئەسلافی هەخامەنشی بە هۆی هاتنی مەزهەبی تازە وەک مەسیحی، یەهودی و مەزدەک و مانی ، (دیکتاتۆری مەزهەبی/ سیاسی) یان پیشە کرد دەستیان بردە ناو کتیبی ئەوستاوە و بە ناشرینترین جهل و خورافە رازانیانەوە بۆ میسال هەر ژنیک منالی لەبار چوبایە دەبووایە سزا بدری سزاکەیشی ئاوابوو کە سێ رۆژ دوور لە کۆمەڵگا لە جیگایکی بی ئاو و سەوزی لە کەپریکا دانیشتبایە ئەم سێ رۆژە پیشابی حەیوان و خۆڵەمیشی بخواردبایە موبدانی پارس دەڵین ژن کچی ئەهریمەنە و ئیجازەی سەرای ئەهورامەزدای نییە(جلیل دەستخواە ئەوستا جڵدی دوو ) و هەر کەس زەردوشتی(لایەنگری دەسەڵات) نەبویایە دەیان کوشت و سەدان هەزار کەسیان بە ئیتهامی بیروباوەری مەزدەک . مانی . مەسیحی قەتل وعام کرد ، مەزدەک ئائین کۆمەڵگای ملیونی زەحمەتکیشان و بەش مەینەتان بوو و ئیدەئولوژیەکەی ریز گرتن لە مافی مروف و پیکهینانی کۆمەڵگایکی ئازاد ویکسان و دادپەروەر پیشکەوتنخوۆاز بوو لە حالیکا ئیدەئۆلوژی زەردوشتیانی ساسان پەیرەوی کردن لە دەسەڵاتداران و زۆرداران و ئشراف و نەجیبزایەکان ئەمانە هەڵبژیردراو و نوۆینەری خودان و تودەی ملیونی خەلک دەبیت گووی لە فەرمانیان بن ئەوانن کە ژیان دەدن و ژیان دەستینن . شا قوباد تەوتەئە دەنینیتەوەو لە بەینی مەزدەک و نوۆینەرانی موبدانی زەردوشت منازرە دادەنی و بە بیانوی ئەوەی کە مەزدەک منازرەکەی دۆراندوۆە فەرمانی کوشتنی مەزدەک دەدا و کورەکەی ئنەوشیروان هەر ئەورۆژە لە

شاریکدا ٢٥٠٠٠ مەزدەکی و بنەماڵەکانیان بە پیرو منداڵەوە قەتل و عام دەکات، لە میژوی کام میلەتا شیوەی ئەم جۆرە جەنایەتاتە بینراوە ؟ ئەوەدەم ناویشی دەنین ئەنەوشیروانی عادل و دووای ٢٥٠٠ ساڵ ئیستایش شانازی بەم میژووەیان دەکەن . لە نوسراوەی پیشودا وتمان کاتیک ئیسلام هات خەڵک بۆ رزگار بون لەم زەخت و زۆرە رویان کردە ئیسلام : بڵام ئیسلام لەم خرابتر بە زۆر و هەرەشە و کوشتار و تاڵان ،خەڵکیان بە چۆک هینا . تا ئیستا دەسەڵات : بە زوور و جەواهیر و تەڵا مەزهەبی لە ئختیار خۆ گرتبو بڵام بە هاتنی ئائینی ئیسلام ئەوە نوێنەرانی مەزهەبی ئیسلام بوو کە بە زۆری شمشیر دەسەڵاتیان هینا ژیر رکیفی خۆیان . شەر و ناکوکی نەبونی و نداری و نائومیدی و بی هیوایی بووە هۆی پیک هاتنی ئاینی سەفەوییە ( باکۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای ئیران بناسین /بەشی ئەوڵ ) تئورسیەنەکانی دامەزراندنی حکومەتی سەفەوی موربدانی زەردوشتیانی هەخامەنشی بوون کە تەسەوفیان لە فەلسەفەی نوێ ئیفلاتون و عرفانی مەسیحییەت دەر هینا و هەر وەک حکومەتی ساسانییەکان کە بە تەجروبەی هخامەنشینەکان شایان وەک مۆرەی خۆ دابین دەکرد و مەزهەبی زەردوشتییان وەک تنیا مەزهەبی رەسمی راگەیاند و باقی مەزهەبە کان وهەر بیروباوەریکیتریان قەدەغە کردبوو بڵام ئیستا بە شا مقامی وەلیشیان داوەتی یەعنی شا رابەری مەزهەبیشە .

بەڵام بە هۆی هیرش و نفوزی عوسمانییەکان و هیرشی بەردەوامی تورکەمنەکان و روسەکان و خیانەتی ئاریستوکراتەکان پەیرەوانی عەلەوییەکان و زەردوشتیەکان خەسلەتی خەباتکارانەیان لە دەستدا وهەروا کە وتمان دەستیان بردە ناو ئامۆژگارییەکانی زەردوشتەوە و ئەسالەتەکانی ئینسانی تەبیعییان لە گرێژنە برد و هەروا دوازدە ئیمامییەکان کەم تا کورت نفوزیان کردە ناو عەلەوییەکانەوە و گۆماروودانی ئەم دوو بیرو باوەرە لە لایەن عوسمانییەکان و تورکەکان و تاتارەکان و سەفەوییەکان و پەیرەوانی ئسنا عەشەری بە مەرکەزییەتی قوم و مەشهەد بە بونی مەرقەدی ئیمام جەعفەری سادق ئیمامی شەشوم و فشارو زوڵم و زۆری ئابوری و رەوانی و سوکایەتی یەکیک لە خاڵە زۆر گرینگەکانی ئەم ئاسیومیلاسیونی زمان و فەرهەنگ و کولتور و مەزهەبەیە .

## ئینکارناکریت کە بونیان نانی ئائینی سەفەوی سەفی عەلیشای ئردەبیلی بوۆە کە کورد و سوننی و شافعی بوۆە .

بونیاد نانی دەوڵەتی سەفەوییە شا ئیسماعیل بوۆە کە باسمان کرد سەفەوییەکان هەم لە باری ملییەتەوە و هەم زمانەوە و هەم لە باری ئاینییەوە .لە دەورانی دەسەڵاتیان بە دژی میلەتی کورد بوون شا ئیسماعیل تایفەی قرخلو کە کورد بوون لە ئازەربایجان کۆچ ئەدا بۆ خوراسان تا لە برامبەر هیرشی ئوزبەکەکان و تورکەمنەکان راوەستن و شا عەباس ئەم تایفە و ئیلانەی کورد لە گەڵ ئیلی شامسون تیکەڵ کرد . سەفەوییەکان تەحەمولی هیچ ئائینیکی مەزهەبییان بەبوو هەر بۆیە مەیدانی بە هەنو ئائینیک غەیری شیعە تەسک کردەوە هەزاران مەزدەکی و زەردوشتی و نەسیحی و یەهودی کوشت و لە هیچ ستەمیک بە دژیان قسوریان نەدەکرد بەم هۆیەوە لایەنگرانی ئەم ئائینانە رویان کردە شیمال نو ناو کوێستانەکانی قەفقاز و کونستانتین . بڵام لە بەرابەر هیرشی ئجنەبی یان وەڵاتانی دراوسی زۆر لاواز و بیخیرەت و بی کەرامەت بوون کاتیک عەلی ئفغان لە ساڵی ١١٠١ شەمسی هیرشی کردە سەر ئیران و گەیشتە پایتەختی ئیران لە ئیسفەهان شا سوڵتان حوسەین بە دەستی خۆی تاجی شاهییەکەی لە سەرخۆ داگرت و خستییە سەری عەلی ئفغان دوایی محمودی ئفغان شا سوڵتان حوسەین دەکوژیت و کورەکەی شا تهماسب لە قەزوین خۆی بە پاشای ئیران ناو دەبات بڵام حاکمەکانی ئیران پەیرەوی لی ناکەن نادر کە کورد بوو لە خوراسان جەماعەتیک لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و خۆی ناو دەنیت نادرقلی بەگ بە شا تهماسب مولحەق دەبیت و بە یارمەتی فتح عەلی خانی قاجار کوری شاقولی خان و باوەگەورەی ئاقامحەمەد خانی قاجار ملک محمود شکست ئەداو شاتەماسب دەیکاتە والی خوراسان و لە ساڵی ١٧٢٩ ئفغانەکان لە مهماندوست ومورچەخورت وزرقانی فارس تیک دەشکینیت سەفەوییەکان لە باری مەزهەبییەوە و بە تحریکی ئینگلیسیەکان بە مەنزوری زەعیف کردنی عوسمانیەکان کە نەبیتە مەترسیک بۆ ئوروپا دائیم لە شەری بەردەوام لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیا بوون . شا ئیسماعیلی پارس لە ٣١ مورددادی ٨٩٣ هجری شەمسی سپای قزڵباش لە گەل سپای عوسمانی لە چالدوران بە گژ یکدا دێن شا ئیسماعیل تیک دەشکیت وئیران / باکور و باشوری کوردوستانی تورکییە و عیراق وکوردستانی سورییەی و گورجستان لە دەست دا و بووە هۆی لە دەستدانی ئعتیباری لە ناو قزلباشەکان و خەڵکی ئیران ، لە ساڵی ١١٤٢ شا تەماسبی پارس لە گەڵ عوسمانییەکان پەیمان دەبەستیت وبەشیک لەئازەربایجان بە عوسمانییەکان ئەدا نادری کورد ریبەرانی ئیلەکانی سەفەوی کۆ دەکاتەوە و رازیان دەکات شاتەماسب لە شایەتی لابەن و لە ماوەی دوو ساڵدا هەموو ئازەربایجان و گورجستان لە عوسمانییەکان دەسینیتەوە . نادر لە تەریقی شورایکی ملی لە دەشتی موغان لە لایەن حاکمان و ریش سپیان بە پاشای ئیران هەڵبژیردرا نادر لە شەری کرناڵ هندوستانی تیک شکاند و دەستی بە سەر ماڵ وسەروەت و جەواهیراتیکی زوور وەک کیوی نور / دریای نور/ تەختی تاوس گرت . هیرشی نادر بۆ هیندوستان دەبیتە هۆی زەعیف بوون ولە بەین چوونی ئیپراتوری مەغولی هیند یان گورکانیان و دوای ماوەیک دەوڵەتی ئینگلستان لە تەریقی کەمپانیای هیندی ـ شەرقی بوونە دەسەڵاتداری هیند .

حاکمان و فەرماندەهانی دەوروبەری نادر هەمو لە قزلباشەکان و قاجارییەکان بوو فرمانرەوایانی پارس بنا بە اساڵەتی میژوئییان کە بۆ دەسەڵات لە هیچ جەنایەت و خیانەتیک ئەنیش ناکەن و بە هۆی کورد بوون و سوننی بونی نادر دەسیسەیان بۆ دەنایەوە و نادر گومانی لی کردبوون، کورەکەیان پی کویر کرد کاتیک پی زانی تازە درەنگ بوو و شەویک هیرشیان کردە ناو چادورەکەی و کوشتیان .لە لایکیترەوە نادر بابەتی تەبعی ئینگلیسیەکان نابیت قزڵباشەکان بە دژی نادر هان ئەدەن شەری سەفەوییەکان و عوسمانییەکان تا دەورانی شاعەباس و تا شەری عالەمی ئەوەڵ دریژەی بووە . دەبینین کە پارس لە سەرەتای میژووەوە (بۆ دەسەڵات و کەیفەی خۆیان) ئائینی کۆنە پەرەستانە و رەجعییان بۆ ئەم دوو مەبەستەیان بۆ مەنزور بووە دەبینین بە دریژایی میژوو هەر کورد بووە کە بە دانی خوێنی سەدان هەزار لاوی خۆی لە شەر لە گەڵ هیرشکەرانی ئجنەبی وەک روم، و مەغول و تاتار و روس خاک و ئاوی ئەم نیشتیمانەی بە ناوی ئیران پاراستووە. ئیستایش بریک لەم خاکەمان پی رەوا نابینن ئیستا ئەم سێ وڵاتە داگیرکەرانە سەرەرای دژمنایەتی دیرینەکانیان و کیشەسنوریەکان ومەزهەبیان لە بەرامبەر حقوق ومافە رەواکانی کورد بە دژی ئەم گەلە هاوپەیمانن. شاکانی سەفەوییە و جیهانی شیعە بۆ پاک کردنەوەی کورد و بۆ ئەوەی بیسەلمینن ئەسالەتی شیخ سەفییەدین شیعە بوۆە و بۆمەشروعییەتی خۆیان بۆ پاشایەتی جیهانی شیعە خۆیان بە بنە ماڵەی پیاغەمبەر نیسبەت دەدەن و بۆ ئەم مەبەستە نوسراوەکانی ئبنی بەزاز دەستکاری دەکەن و ئساڵەتی کوردی خانەدانی سەفەوی پاک دەکەنەوە . بەربەرەکانە و دژمنایەتی لە گەل کورد دەکەن هەروا کە باسمان کرد ....لە برادۆست چوۆار ساڵ گومارو دەدەن و دەیان هەزار بنەماڵەی کورد مەجبور بە کۆچ بە شاری رەی و دەشتی قەزوین و شیمالی ئیران خوراسان و تالش دەکەن .

زەندییەکان : بە تحریکی ئینگلیسیەکان محەمەد حەسەن خانی ئستەرئاباد لە قزلباشەکان ئیدعای پاشایەتی دەکات بڵام کەریم خانی زەند تیکی دەشکینیت دوای نادر کەریم خانی زەند لە گەڵ ئیلەکانی بەختیاری پەیمانی بەست و دەستی بە سەر مەنتەقەی جنوبی ئیرانداگرت و شیرازی کردە پایتەخت و دەستی دایە ئاوەیانی بازار و مزگەوت و حەمامی شیراز بە ناو بانگە و لە کوردوستان و ئیسفەهانیش ئەم بینایانەیان هەیە کەریمخان خۆی ناودەنیت وکیل الرعایا کەسیکی توانا و لیهاتو و عادل وبەکەرامەت بووە ساڵی ١١٦٣ ـ ١١٩٣ و سادق خانی زەند لە ساڵی ١١٨٩قەمەری بەسرە لە عوسمانییەکان دەسینیت و سرانسەری ئروەند رود و بحرین و جەزیرەکانی داگیر دەکات .لە معامەلە کردن لە گەل ئینگلیسی و هولەندییەکان ئازادی و ئیستیقلالی خۆیان رادەگرت و ملیان بە هیچ عهدو پەیمانیک کە سەلبی ئختیاریان بکات نە ئەدا . روی لە گەڵ ئینگلیسیەکان خۆش نەبوو بڵام پەروانەی تجارەتخانەی لە بوشهر دانی پارچەی پەشمییان دەهینا و کەریمخان لە گومرک معافی کردن بڵام ئیجازەی خارج کردنی تەڵا و نوقرە یان نەبوو و مەجبور بون لە جێ پوڵەکەیان جنسی ئیرانی بکرن هولەندیەکان جەزیرەی خارکیان گرت و لە گەڵ عوسمانیەکان و ئیران تجارەتیان دەکرد تا میر مهنام ناویک بە ویستی زەندییەکان لەوی دەریان دەکات .

دریژەی هەیە

سەر چاوە : ماڵپەری هەڵوێست




## Banemer ٢٧١٣ بانەمەڕ

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦<br>26 | ٥<br>25 | ٤<br>24 | ٣<br>23 | ٢<br>22 | ١<br>21 | |
| ١٣<br>3 | ١٢<br>2 | May ١١<br>1 | ١٠<br>30 | ٩<br>29 | ٨<br>28 | ٧<br>27 |
| ٢٠<br>10 | ١٩<br>9 | ١٨<br>8 | ١٧<br>7 | ١٦<br>6 | ١٥<br>5 | ١٤<br>4 |
| ٢٧<br>17 | ٢٦<br>16 | ٢٥<br>15 | ٢٤<br>14 | ٢٣<br>13 | ٢٢<br>12 | ٢١<br>11 |
| | | | ٣١<br>21 | ٣٠<br>20 | ٢٩<br>19 | ٢٨<br>18 |
| رەحمان نەقشی | | | | | | |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca